قەسەدە لە چاوەڕوانیی گەدەی سیاسییدا ...کامیار سابیر

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هێزەکانی پێشمەرگە، بە تایبەتییش لە فۆرمی قەسەدە(هەسەدە)دا، شێوەی موستەحیلیان لەگەڵ تێرۆریزمی نوێوەتیی(داعش) و سپێنسەرە جۆراوجۆرەکانیدا دەکرد و خۆشبەختانەیش، لە مەیدانی عەسکەرییدا، براوە بوون. بەشێکی زۆری کوردستانی سوریا و هەندێ لە ناوچە عەرەبییەکانی سوریاشیان، لە کاولکاریی ڕزگار کرد و تواناییان ئیدارەیەکی باش و پێکەوەژیان بە خێرایەکی بەرچاو پێ بخشن. چۆن ئەو ئیدارە خۆجێیەی کە پێکهاتە جیاوازەکان بەدەر لە ئینتیمای نەژادیی، دینیی و طائیفیی تێیدا دژیان، زۆر گرنگترە لە مەلحەمە عەسکەرییەکان کە بە خوێنی هەزاران لاوی سووریی، کوردی پارچەکانی تری کوردستان و خەڵکی بیانیی، تەماریان کردووە، بەهەمان شێوەیش، ئیدارەدانی ئەم سەرکەوتنە عەسکەرییانە لەناو حەلەبی سیاسەتی ئیقلیمیی، سووریی و جیهانییدا زۆر زۆر چارنووسسازە؟

ئێستا، پاش ئەو هەموو دانیشتنە جۆراوجۆرانەی قیادەی قەسەدە لەگەڵ سووریا، ئەمریکا و ڕوسیادا کردوویانی، بە هیچ شێوەیەک نەگەیشتوون. هەکارەکان چیین؟ ئایا وەکو بە زمانی شەعبیی دەڵێن "سیاچارە"یە، یان بە عەقڵانیی و واقیعیی، بە وردیی و بڕچاوڕوونییەوە، هاوکێشە جیۆسیاسیی، عەسکەریی و هێزموونە ئابووریەکانی زلهێزە جیهانییەکان، ناخوێندنەوە و کاری پێ ناکەن؟ کوردەکانی سوریا بە ڕابەرایەتیی پێیەدە و لە ناو هێزەکانی قەسەدەدا، تواناییان بە هاوکاریی ئەمریکا و تەحالوفی نودوەتیی، شێوەیەک لەگەڵ داعشدا بکەن کە موخریجەکانی هەلیودیش، بە خەیاڵیاندا نەدەهات، هێزێکی مەیدانیی هەبێت بەو جۆرە نێک هەر تەحەدای داعش بکات، بەڵکو تێکی بشکێنێت. لە شێوە گرنگتر ئاوێە لە دوای سەرکەوتنی عەسکەریی، سەرکەوتنی سیاسیی، بە دەست بهێنیت.

بۆچی کوردەکانی سوریا، لە ناوان ڕوسیا و سوریا لە لایەک و لە ناوان بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل، سعودییە و ئیماراتدا، لە لایەکی تریەوە ناتوانن بەیارێکی یەکلاییکەرەوە بدۆن؟ بەدەر لەوەی تورکیا و ئێردۆغان، تا ڕادەی فاشیزمی سیاسیی، دژایەتیی دەسکەوتەکانی پێیەدە دەکەن، بەڵام ئەم شەڕ و ڕوویە لە ناوان جەمسەرە سەرەکییەکانی وەکو ڕوسیا، ئەمریکا و تورکیادا،

ناتوانێت درێژخایەن بێت. بە تایبەتیی ئێستا کەمپانیا بیانییەکان، بەتایبەتیی ئارامکۆ و کەمپانیا رۆژئاواییەکان، بە سپێنسەریی ئەمریکا، ئیسرائیل، سعودیە و ئیمارات، بە ئاشکرا دزیی لە سوریا دەکەن، چونکە حکومەتەکەی ئەسەد، سەروەریی سیاسیی و عەسکەریی لەو ناوچانە لە دەست داوە. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا دەکرێن، نەوتی سوریا بە شێوازێکی چەتەگەریانەی مەدەرن، دەدزرێت و هێزەکانی قەسەدیش، رێگەی پاسەوانیی دەگرن، بە کەمێک لە شراکەتیی شییریینیی نەوت و پارەی رێیع، دیانەوە ئەم بیزنسی رێیعە، درێژە بکێشێت.

دوای ئەوەی شێیتانی شێ و ئاژاوە، شێیتانی تاڵانیی و وێرانکاریی (بەرنارد لێڤی) سەردانی قیادیە عەسکەرییەکانی قەسەدی کرد، ناڕەشنیینەکان، رووبەڕووی ئەنکەرەی هێزە پرۆکسییەکانی (تورکیا و پارتیی)، بیارە بەشداریان لە پرۆژەی نەوتفرۆشییدا پێ بکرێت، ئیتر رێگەی سیاسیی قەسەد، بڕەو پاسەوانیی لە چاڵە نەوتەکان دەچێت و دەبێت خەی لەگڵ بڕژەوەندیی هەموو هێزە داگیرکارەکانی سوریادا(ئەمریکا، تورکیا) بگونجێنێت. ئەمەیش ڕاستەوخۆ بڕیککەوتنی لەگڵ ڕوسیا و سوریادا لە دەکەوێتەوە.

لە درێ گۆرەکانی تەمەوزدە عەسکەرییەکانی کورددا، لە کوردستانی عێراقدا، هەمیشە ئەوە گوتراوە کە رژێمەکانی عێراق، هەموو ڕەگەکانی تریان لە کورد بەستبوو، بەیە ئەم مافیایانەی کوردایەتیی دەستیان دایە چەک و تەقوتەقیان دەست پێکرد.
لە کاتێکدا هەموو یاخییبوونە چەکدارییەکان، لە ئێلوڵەوە بە شێشی نوە و گوڵان، هەمووی بە تەحریکی موخابەراتیی ئیقلیمیی و نەوددەتیی بووە و لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کوردەوە، نەبووە. ئێستا کوردەکانی سوریە هەمان بیانوو دەهێننەوە و دژێن سوریا و ڕوسیا، ساغ نیین و دەستیی دەستییمان پێ دەکەن و بە هیچ ناگەین لەگڵیاندا! لە واقیعدا، ئەوە قەسەدیە، بەهەی بەرنەنە زارکییەکانی هێندە ژنراڵیی ئەمریکییەوە، چاوەڕوانیی گەدێیکی سیاسیی دەکەن و نایانەوێت، لەگڵ رژێمەکەی ئەسەددا، ڕک بکەون.

دەبە ئەوە لەبەرچاو بگییرێت کە پێش ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا دژ بە رژێمەکەی ئەسەد، بەشکی زۆری کورد، تەنانەت بیان نەبوو ناسنامەی سوریشیان هەبێت، بەڵام پاش وەرچەرخانکی سیاسیی و عەسکەریی زۆر، هەموو هاوکێشەکان ئاوگڵیان بەسەردا هاتووە. ناکرێت تا دوێنێ، هیچت نەبووبێ، ئێستایش بە ناڕاستەوخۆ، داوای دەوڵەتکەیکی

رێعیی بکەیت لەناو دەوڵەتدا و پاسەوانیی لە سامانە سروشتییەکانی سوریا بکەیت بە هەڕەبیانییەکان و ئەم بیانووانەش بە ئەوە بن کە لە تەک بخەن و لە وشک بخەون. لە پاییشەوە، پشکیان لەو نەوت دزیینەی سوریادا هەبێت، ڕەک وەکو شەشگەڕە فاسیدەکانی کوردایەتیی لە کوردستانی عێراقدا، پاساو بە فرۆشتنی نەوتی قاچاغ بهێننەوە.

هەندێک مێنتاڵیتی سیاسیی هەن کە پەروەردەی حیزبییان لە ستالینیزمەوە نزیکە، هەمیشە دژمن کوردەکانی سوریا نابە ڕەخنەیان لە بگیرێت وئەوان کاری خۆیان باش دەزانن. ئەمە جگە لە عونجوهییەتی ستالینیی، شتێکی تر نییە. پرسسی جێکەوتبوونی نەتەوە و گرووپە کەمەڵایەتییان، لە باری سیاسیی، مەژوویی، زمانیی و کولتووریییەوە، کاتێکی زۆری دەوێت، لای کەم صەدان ساڵی دەوێت، ئێستا کوردەکانی سوریا کە بە کرمانجیی سەروو، دەدوێن و بە لاتینییش دەنووسن، لەگەڵ ئەم کرمانجیی ناوەڕاستەی ئەمە پێی دەنووسین(ئارامیی-عەرەبیی)، جگە لەوەی نەژادمان یەکە، بە تەواویی بەرەو دوو زمانی جودا(نەک وەکو هەندێ کەس دژمن دوو ستاندەرد) هەنگاو دەنین و لە ئایندەی نزیک و دووریشدا، ئەم جیابوونەوە زمانییە، شەقڵی سیاسیی، کولتووریی و زمانیی زیاتری تێدەکەوت.

ڕەک وەکو ئەو جیاوازییانەی لە نێوان زمانی تورکیی، ئازەریی، تورکمانیی، ئۆزبەکیی..تاد، یان لە نێوان فارسیی، دەریی و تاجیکییدا هەیە. ئەم کورتەیەم بە ئەوە بوو کە کوردەکانی سوریا و ئەمەی کرمانجیی ناوەڕاست، شتی یەکتر زۆر بە کەمیی دەخوێنێنەوە، بەڵکو لە ڕەگەی زمانی عەرەبییەوە، وەکو زمانی هاوبەش، لەیەک دەگەین. ئەوەی هەمانە بەشێکی وەکو ڕەگەکی نەژادیی تەماندا هەیە و هەردوولامان خەمان بە کورد ئەژمار دەکەین. بە واتایەکی تر، لە جوغزی نەژادییەوە، کوردین.
ئەصڵی مەطڵەبیش ئەوەیە هەر ڕەخنە و سنایەکیش بکرێن، دەبێ یان لە ڕەگەی زمانەکی تریەوە بێت، یاخود کەسێک بە تایبەت پێیان بگەیەنێت. هیوادارم ئەو هەموو خەڵکەی خۆیان بە ئاپۆچیی دەناسێنن، ڕەخنەکانیشیان وەکو سناکردنەکان، پێ بگەیەنن.

وەڵای هەموو ئەو هاودەنگیی و پەرشیییەی میلیەنان کوردی کوردستانی عێراق و ئێران بە کوردەکانی سوریا هەیانبوو و هەیانە، بەڵام نابە "سوء الاستفادة" لەو هاودەنگییە وەربگیرێ، بەڵکو دەبێ گوێ لە ڕەخنەکانیش بگرن و بەرەو هەمان تەجروبەی فاشیلی کوردستانی عێراق، لە ژێر وەهمی دەستکاریکردنی نەخشەی ناوچەکە و هەڵوەشاندنەوەی

سایکس پیکۆ ...تاد، جۆری عاطیفەی سیاسیی و حەماسیانە بۆ پارەی رێع و نەوتفرۆشیی قاچاغ نەجووت و تەواوی تەجروبەکاریان نەخڕانە مەنگەنەی کەمپانیا زبڵاحەکانی نەوتی جیهانییەوە. دونیای سیاسیی ئێستا، دونیای سەردەمی بادەستیی تەنیا دوو زلهێزی جیهانیی سانای سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم نییە کە تەنیا فرانس و بریتانیا، بیاردربوون. ئێستا روسیا، چین(صین) و ئەمریکایش هەن و بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریەکانیان، زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە بە فەنتازیای نەژادیی و وەهمی کوردایەتیی، چاوەڕوانیی ئەو گەدیە بکەیت کە دەستکاریی نەخشەی ناوچەکەت بۆ دەکەن.
لە ماوەی نییو سەدەی رابردوودا، ئەو پێنج وڵاتە، تەنیا لە پرۆژە عەسکەریی و ئەتەمیەکاندا، چەندین تریلیۆن دۆلاریان، خەرج کردووە، هیچیان ئامادە نیین بۆ ویستی ئۆیتریان تەنازول بکەن، تا وڵاتەکیان یان دووانیان، غەزەل لۆگۆ حەز و خولیای رێعیی هەندە قیادەی عەسکەریی کورددا بکەن و خەلانچکێکی شەخنشیینیی یان ئیمارەتێک بە قیادییە عەسکەرییە"پرۆ"کانی خۆیان لە ناو سوریادا، ڕە بنەن.

کوردەکانی سوریا، هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەیان لە عەفرین کرد، چونکە دەیانوسیت پاز بەسەر روسیا و سوریادا لە بدەن، سەرەنجام لەسەر صینییەکی زەیین، روسیا بە ئەجەندەاکانی خۆی، پشکۆشی تورکیای کرد. باشترە بە کوردەکانی سوریا، بە کەمترین دەسکەوتیش بەت لۆگۆ سوریا و روسیادا مامەڵە بکەن و چییتر خۆیان خەشخۆیاڵ نەکەن بە ئەمریکا، سعودیە، ئیمارات و ئیسرائیل..تاد. مافی سیاسیی نەتەوەیەک، بە کەنترۆکردنی چەند کۆگۆ نەوتێک بە دەست نایەت.
شەرعییەتی نەودەوڵەتیی بە دەوڵەتی ناوەندە کە دەست بەسەر سامانە سروشتییەکانیدا بگرێت، نەک بە هەزەکی وەکو قەسەدە کە بە صەدەق چەک و تەقەمەنیی دەدرێتی. پێش ئەوەی گۆلانی سوریا و ناوچەکە زیاتر رق و قینیان بۆرامبەر قەسەدە هەستێت، باشترە بە قەرارەکی سیاسیی جەریئانە، دوور لە هەژموونی ژەنراڵە عەسکەرییەکان کە بوونە بە پرۆ-ئەمریکایی، بیارەکی سیاسیی عەقڵانیی لەم بەسەروبەرییە بدەن و بە حەبلی لەژیکی سیاسیی بگەنەوە.

بە کورتییەکەی چارەنووسیان لە دیمەشق و حەڵەب یەکلا دەکرێتەوە نەک لە شوێنانی تر. لە باری باڵانسی عەسکەریشەوە کە روسیا وەکو تەنیا وڵات لە دونیادا، خاوەنی چەکی هاپیرسۆنیک(hypersonic)، نەک هەر دەستبەرداری سوریا نابێت، بەڵکو دوای ئیدلیب، لە هەوڵی

گەلاندنەوەی کوردستانی سوریادا دەبێت، بە شێوەیەک بێت یان بە ئاشتیی، ئەم دەکات. باشترییشە، قسەدە، ئەم دەستپێشخەرییە بکات و بیانووی تورکیا، بە یەکجاریی ببڕێت و خەیشیان لە چاوەڕوانیی گەدە، رزگار بکەن.

ئایا لە چەژەنەکاتی ناوەڕاست دا، گەرووی هورمزەکی تر دروست دەبێت؟ ...ەندک فارس

ئەو دروشمە بەناوبانگەی دەڵێت:واقیعی بە، داوای مەحاڵ بکە، بەڵام بە سیاسەتی بەرەوپێشبردنی ووڵات، پێویستە ئەم ووتەیە وا بنوسرێت: واقیعی بە ، چاوەڕێ ی مەحاڵ بکە.
جیهانێکی تەنها بە مانای پەیوەندی یە نێو دەوڵەتیکان نایەت، بەڵک و ئامرازێکە، بە دیاریکردنی ئەو هەوداوانەی کە لە ئایندەدا دەیانبینین، شێوازێکی تایبەتی جیهانی یە کە هەریەکە لە نەتەوەکان و ئەکتەرە نەوەوڵەتییەکان بکاریدەهێنن بە دەستیشانکردنی شێوە و پێکهاتەی داهاتووی سیستەمی جیهان.
لە کۆتایەکانی 1946 دا، ململانێ و هێرشبردنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ویەکێتی سۆفیەت، هەرچوار لای یەکێتی سۆفیەتی گرتەوە، لە دوای جەنگی سارد سنوورە سێ لایەنەکەی یەکێتی سۆفیەت پێک هاتبوو لە بەشە ئەورووپیەکەی، واتە سنوورەکەی نێرویج بە کەماری چیک، بەشە ئاسیایەکەی کە لە دوورگەکانی لە سنورەکانی ژاپۆنەوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە چین، بەشە سێمیش لە باکووری ئەفغانستانەوە دەستی پێ دەکرد تاوەک و یوگوسلاڤیا، مەبەست لە ی(باکووری ئەفریقاو باشووری خێهەڵاتی ئاسیا، نیمچە دوورگەی عەرەب).
دوای کۆتایهاتنی هەژموونی یەکێتی سۆفیەت، ناوچەکانی یوگسلاڤیاو تا ئەفغنستان، بە تەواوی شڵەژا، پێکهاتەی ئەم ناوچەیە لە ڕووی دیمەگرافیاو ئایدەلۆژیاوە، ناوچەیەکی زۆرینە موسڵمان نشینە و پێ لە گەزوو نەتەوەیی جیاجیا.
کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بە ئەمریکا، بە سەرکەوتن بەسەر دوژمنی ئایدەلۆژیاو جیهێلەتیکی بوو، بەجۆرێک دەکرێت ئەم سیاسەتەی

ئەمریکا لە دژی ڕووسیا بە پەلهاوێشتنی ناتۆ بە هێزەکان و ناوچەی قەفقاز وئاسیای ناوەراست، بە مەبەستی پڕڕپێدان بە ئابووری ئەمریکاو کۆنتڕۆلکردنی هێڵکانی گواستنەوەی لەم ناوچانەدا.
هێزەکانی ناوەراست بە مەیدانی داڕشتنەوەی هاوکێشە سیاسی ئابووریەکانی ئەم جیهانە دەناسرێت، هەکاری گرنگی پێدانی زلهێزانی ئابووری بە ناوچەکە، دڵگەرمتەوە بە دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕووی جیۆپۆلیتیک و سەرچاوەی ووزە، بەیە هەمیشە پێشبینیەکانی ئابووری و داهاتووی هەرووڵاتێک پابەندە بە بارودۆخی هێزەکانی ناوەراست و ڕێژەی باڵا دەستی وڵاتانی هێژاوا و ڕوسیا وچین بە ئەم مەیدانە گەرمەی دەستپێکات، بە کۆنترۆلکردنی هێزە دەریاییەکان.
گەڤاری فورین پولیسی لە گوتارێکی لە حوزەیرانی 2012 ، لە ئێران گەروی هورمزی بە ئیمبراتۆرێتی عوسمانی و (دەردەنیل) بەراورد کردبوو تیایدا، ئەم ناوچەی بە خاڵی خنکانی دەستەکانی ڕووسیا لە ئابردووداا پێناسکردووە، هەر بۆیە بەهەی بەردەوامی ئێو پشتیوانەی ڕوو لە گەروی هورمز دەکەن، وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بەدوای جێگرەوەی تڕۆن بە هەناردەکردنی بڕەمەکانیان بە ئەورووپا وهێژاوا.

بەنمونە شانشینی سعودیە بیر لە هێڵی بڕی نەوتی نوێ دەکاتەوە بڕەو ستەتانی عومان و یەمەن ، عێراقیش دڵگەرمتەوە بە زیندووکرنەوەی هێڵی بڕیەکانی لەگەڵ سوریا کە هێگایەکی نوێیە بە گواستنەوەی نەوت بڕەو دڕیای ناوەراست، لە درێژیە بابەتکەدا، ئاماژە بەوە دەکات کە دابەزینی جوڵەکان لە گەروی هورمز هێگا خەشدەکات بە هێژاوا بە بوژانەوە و دەزینەوەی تر ئەمش بە لە چوارچێوەدانی ئێران هێگایەکی ئستەم ودوور نابێت.
گرنگی ستراتیژی ئەم گەروە لەوەدایە کەتەواوی وڵاتانی نەوتفرۆشی ڕێژەیی ناوەراست دەبەستەتەوە بە بازاڕەکانی ئاسیا، ئەورووپا، ئەمریکای باکور، بۆیە بەدرێژایی مێژوو وەک هەرشەو کارتێک بە یەکلاکردنەوەو دروستبوونی هاوپەیمانی نوێ بەکار هاتووە.
بۆیە ئامانج لەم بابەتە، خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی هێژاەیی ناوەراست و خستنەڕووی ئۆگرەکان وگۆڕانە بەدوای پارچە پڕتبووکانی نەخشەی گەرووی هورمزکی تر لە هێژاەیی ناوەراست و خوێندنەوەی گۆڕانکاریەکانە لە بازاڕەکانی جیهان دا.

1. کاریگەریەکانی داخستنی گەرووی هورمز، بەسەر بازاڕی نەوت لە جیهان دا

ناوچەی کەنداوی فارس خاوەن بایەخکی جیۆپۆلیتیکیە، ئەمش

پاشنارەکی سەرەکی یە، وە دەوەستدنی ناوچەکە لەرووی پاشکەوتی نەوت و خاوەندارێتی سە بەشی یەدگی نەوت، وا لە ئێران دەکات ڕۆڵی دەوەتی ڕیبەر ببینێت لە ناوچەکەو جیهاندا، سیاسەت وهۆشکانی ئێران بەدەستگرتن بەسەر کەندەوی فارس و فشارخستنە سەر کەندەوی عەرەب ودەریایی ناوەڕاستە.

بەرژەوەندیکانی ئێران لە کەندەوی فارس و عێراق دا پێچەوانەی بەرژەوەندیکانی ئەمریکایە، بەهۆی گرنگی سنوریکەوە، ئێران دەرفەتکی باشی لەبەردەم بووە، بۆ پشخستنی ئابووری یەکی، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی شۆشی ئایدۆلۆژیای جیهانی ئیسلامی، ناچار بووە هەندێک لەو سەرچاوانە تەرخان بکات بۆ پشتیوانی گروپە چەکدارەکانی شیعە لەدەرەوەی سنوورەکانی، بۆ ململانێ یە بەردەوامەکانی لەگەڵ واشنتۆن.

دوای پەرەپێدانی ئێران بۆ بەرنامەی ئەتوومی و دەستوەردان لە لە کاروباری ناوخۆی وولاتانی دەوروبەری، بۆ تایبەت لبنان، سوریا،عێراق، سەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەیار کشانەوەی لە ڕەکەوتنامەی ئەتۆمی ئێران دا. ئەم بەیانەی سەرەکی ئەمریکا، کاردانەوەی داخستنی گەڕووی هورمز لەلایان ئێران، چەندین سیناریۆی بۆ بازاڕەکانی ئابووری وولاتانی ناوچەکە هێناوەتە ئاراوە.

ئایا نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە؟ئەگەر نرخی نەوت بەرزبێتەوە کاریگەری دەبێت بەسەر بازاری نەوت؟

بەدرێژایی سەدەی بیست ویەکەم ،داخستنی گەڕووی هورمز بەیەکێک لە ترسناکترین ریسکەکانی جیۆسیاسی بۆ سەر بازاڕی نەوت دادەنرێت.

ئەگەری داخستنی گەڕوی هورمز وبەندەری مەندەب، تەنها کاریگەری نابەت بۆ سەر بەرژەوەندیکانی ئەمریکا، بەڵک ودەبێتە هۆی پەرچەکرداری جیهانی بۆ تایبەت بەریتانیا وفەرەنسا و ئەڵمانیا، وەستانی هێناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی ئاسیا ئەوروپا، ئەمریکای باکوورو زۆریایی هیندی.

مەژووی داخستنی کەندەوی فارس لەهەمبەر راگرتنی هێناردەی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە هەریەک جەنگەکانی وولاتانی عەرەبی وئیسرائیل لە ساڵی 1973، جەنگی نێوان عێراق وئێران، ئەوە دەسەلمێنن کە تا هێشتاکانی سەدەی ڕابردوو،

گرنگترین یاریزانی نەوتیەکان لە خەرجەکانی ناوەڕاستوباکووری گەی زەویدا بوون، بەڵام لەسەردەمی نوێدا، بەرهەمهێنانی نەوت لەنیوەی باشووری گەی زەوی دەبێت.
لە بارەی نرخی نەوت لەزانستی ئابووری دا، ئاوەڕۆگەری بازرگانی نەوت بە ئاوەی بەهای خەی بپارێزێت لە بازاڕەکاندا، پێویستی یاریکردنی بەنرخ هەیە لەهەر کاتێک دا.
گەمارۆیەکانی وولاتانی عەرەب بە سەر وولاتانی خۆرئاوا، زەنگێکی مەترسیدار وهەکارەکی لەژیکی بوو، بە ئەمریکا بە دامەزراندنی یەدەگی ستراتیجی نەوت، ئامانج لەم دامەزراوەیە، کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە، هەربۆیە توانیەکی لە زەدە بەدەری ئەمریکا بە کەمکردن یان زیادکردنی بەرهەمهێانی نەوت و خستنە بازاری نەوتی یەدەگی ئەمریکی لەکاتگای کەمپانیکانی عەمبارکردنی نەوتەوە، بنەمای سەرەکی هەشتنەوەی هاوسەنگی بازاری نەوتە لەگەڵ کاتێکی نەخوازراو، بە واتایەکی تر ئەگەڵ نرخی نەوت بەرز بێتەوە، ئەمریکا دەتوانێت، کەنتەڵی بازار بکات، نرخی نەوت دابەزێنێت.
بە پێ ڕاپۆرتی بلومبەرگی ئەمریکی ئەگەڵ کەندەوی فارس وبەندەری مەندەب دابخرێت، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت وبەرزبوونەوەی نرخی نەوت 100 دۆلاری ئەمریکی بە هەر بەرمیلێک، بەرزبوونەوەی نرخی گازی سروشتی بە دوو هێندەی نرخی ئیستای، لەهەمان کاتدا پێشبینی زیادبوونی هەرشی ئەلکترۆنی بە سەر تۆڕەکانی سعودیە ئیماڕات.

لەنەڤەمبەری ماڵی ڕابردووەوە، ئاژانسی ووزەی نەوەدەوەتی لە ڕاپۆرتێک دا، ئاماژە بەوە دەدات، خواست لەسەر بەکاربردنی نەوت زیاد دەکات لە ماوەی نێوان 2017-2040 بەڵام بێشبینیەکی هەبەزووە دابەزینی بەردەوام، ڕاپۆرتەکە دوو هەکار بە ئەم گرنگانکاریە دەستنیشان دەکات:
یەکەم، گرنگانکاریە جیۆگرافیەکان کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بە ڕێژەی 3٪ تا ساڵی2027، لەدوای دا بە نزمترین ئاست بێشوازێکی چاوەڕوانکراو.
دووەم، ئاوەزی وململانێ نێوان دووجەمسەرەی هەزی سەدەی بیست ویەک و ناسەقامگیری وئاسایشی ژەرخانی نەهەتی ناوەڕاست بەهەکاری سەرەکی کەمی گێشە ئابووری دادەنرێت لە چەن ساڵی

داهاتوودا.
لە هەمان کاتدا، ناوەندی جیۆپۆلیتیکی نەوەدەکانی پێشبینی زیادبوونی خواستی نەوت تا ساڵی2025 دەکات، دوای ئەو ماوەیە خواست کەم دەبێت، واتە بارودۆخی ناوچەکە کاریگەری لەسەر بازارەکانی جیهان دروست دەکەن.

لەسەردەمی جیهانی مۆدێرن وپێشڤەچوونەکانی ئابووری جیهانی بە تایبەت لە بواری نەوت و ووزە دا، رۆژی گۆشەی ئابووری زۆر کەمترە، بە بەراورد بە هێزی گۆشەی ئابووری وبەکاربردنی نەوت لە سەردەمی رووخانی یەکێتی سۆفیەت ، بەتایبەت دوای ئەندامبوونی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە 2001 دا.
تەکەای ڕۆژی گۆشەی ئابووری جیهانی ساڵانە بە ڕۆژی3٪ دەخەمڵێنرێت لە نێوان ساڵەکانی 1947-1991، بە واتایەکی تر، گۆشەی ئابووری جیهانی دوای رووخانی یەکێتی سۆفیەت تا پێش سەرهەڵدانی جەنگی دژی تیرۆر تەنها0.4 بووە.
شیکردنەوەی ناوەندی جیۆپۆلیتیکی جیهانی بە ئەو جیاوازییە گۆشەی ئابووری لە ماوەی ئابردوو و ئێستا، بریتیە لە نزمبوونەوەی ڕۆژی بەکارهێنانی نەوتی جیهان، هەروەها پێشبینیکانی جیۆپۆلیتیکی بە گۆشەی ئابووری جیهان لە ساڵانی 2017 بە 2040 کەمبوونەوەی زیاترە.

2. ڕێکەوتنی نێوان تورکیاو لیبیا، کاریگەریکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕێکەوتنی نێوان تورکیاو حکومەتی تەوافقی لیبیا لە 27 ی دیسەمبەری 2019 دا، کاردانەوەی جیهانی بەدوای خۆیەوە هێناوە، بەتایبەت لە لایان هەریەکە لە ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا. ڕێکەوتنێک لە کاتدا بەمبەکە پێشبینی دەکرێت ببێتە هۆکاری دەرخستنی چەندین ڕێکەوتنامەی شاراوەی نێوان وولاتانی کەنداو ئەمریکا لە ئەراسیاو باکووری ئەفریقا.
تورکیا وولاتێکی گرنگە لە رووی جیۆپۆلتیک و بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەوروپا، بۆیە نەچێیکی گەرمی ململانێ ی ڕوسیاو ئەمریکایەو بە دارشتنی هێی گواستنەوەی ووزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وولاتانی ئەوروپا.
دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی ، هیچ حزبێکی دەستەڵاداری ئەو وولاتە نەیتوانیوە شکۆمەندی بە وولات بگەڕێنێوە، بەڵام ئەوەی ئیستا ڕوجەب تەیب ئەردۆغان دەیکات کارتێکی بەهێز بەرامبەر بە ووڵاتان، هەرچەندە ئابووریەکەی هەڕەشەیکی

زۆری لەسەر، بەڵام تورکیا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی سەزی هاولاتی تورکیا بە شکەمەندی دەوڵەتی تورکیا ، بەرامبەر بە ئەندامبوونی لە پرسی ئەندامبوونی یەکێتی ئەورووپاو باڵا دەستی لە هێژەمۆنی ناوراست و شوێنی پێڕەوی ئیخوانی لە ناوچەکەدا ، توانیوێتی تا ڕادەیەک ببێت بە کارت فشاری بە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.
فراوانبوونی هاوپەیمانێتی نوێی نێوان یەنان وئیسرائیل میسر لە کەبەندی گازی هێژەمۆناتی ناوەراست ولەم دوایانەدا، دورخستنەوەی تورکیا لەوهاوپەیمانێتیە، مەترسیەکی گەورەیان بە ئابووری تورکیا دروست دەکرد، هەربۆیە بە ڕێگە گرتن لەو هاوپەیمانێتیە دووبارە سەپاندی هیزی جوگرافی تورکیا، سەرکەماری تورکیا ڕێکەوتنەکی دەریایی لە گەڵ لیبیا واژوو کرد هەر ڕۆژەک دواتر پەرلەمانی تورکیا ڕێکەوتنەکەی پەسەند کرد.
لە هێژەمۆناتی ناوەڕاست تورکیا تاکە وولاتێ کە هەرچەندە ووڵاتەکی بەرهەمهانی ووزە نیە، لە کاتێک دا 95٪ سەرچاوەی ووزەی هاوردە دەکات، ساڵانە بڕی 5 ملیارد دۆلار خەرجی ئەو ووڵاتەیە بە هاوردەکردنی ووزە، هەکاری سەرکین بە ڕزگارکردنی تورکیا لە بەکارهێنانی هێزی جیۆسیاسی وولاتەکەبە دەزینەوەی ڕێگەی نوێ بەگواستنەوەی سەرچاوەی ووزەی ووڵاتان بە بازاڕەکانی جیهان.
دوو سیناریۆ هەن بۆ شرۆڤەکردنی ئامانجی تورکیا لەو ڕەکەوتنە:
یەکەمیان ، دەگەڕێتەوە بۆ گرژی وپێوەندیەکانی تورکیا لە ئاست وولاتانی هێژەمۆناتی ناوەراست کە دەکرێت لە خاڵانە ئاماژەیان پی بدەین:

• لیبیا دوای ڕووخانی حکومەتەکەی قەزافی ناسەقامگیری بارودۆخی لیبیا، هێژانێ یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و، لەسەر ئاستی کیشوەری ئەفریقا خاوەنی زۆرترین یەدەگی نەوتە، 2.9٪ نەوتی یەدەگی جیهان پێک دەهێنێت، هەروەها چوارمین وولاتە لەسەر ئاستی ئەفریقیا لە ڕووی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی هێژەی 0.8٪ گازی سروشتی یەدەگ پێک دەهێنێت لە جهیاندا.
• بەپێ ڕەکەوتنی نیودەوڵەتی دەریایی ساڵی 1982، تورکیا تەنها خاوەنی 12 میلە لە ڕووی دەریاییەوە، ئەو مەوداییەی دەریا هیچ سەرچاوەیەکی ووزە بوونی نیە، بۆیە دیدگاکەت پەرە بە بەدڕوازە دەریاییەکانی بدات، بۆتایبەت ئەو ناوچەی کە

هەڵوێستی لەسەر کراوە لەگەڵ لیبیا بە مەرکەزی سەرکۆماری نەوان هەریەکە لە قوبرس و ئیسرائیل ویستانان دادنرێت لە رووی وزەوە، واتە هێڕشەکانی وباشوری قوبرس نزیک قوبرسی باکور کە نزیکە لە تورکیاوە، دەستەڵاتدارنی تورکیا بە مەملەکەتی ماڤی (گەرووی هورمزی نوێ) ناوی دەهێنن، کە لە دەریایی ئیجەو دەریای ناوەڕاست سەرچاوەی گرتووە.

• ئەم رەکەوتنە دەبێتە هۆی هاتنە دی ئامانجی لە مۆزینەی تورکیا بە وەبەرهێنان لە بواری پەرەپێدان وبوژانەوەی لیبیا لە بواری کۆنستراکشن، کە ئەمە دەبێتە هاوکارێکی گرنگی بوژانەوەی ئابووری تورکیا بە دەستبەکاربوونی کەمپانیا جیاجیاکنی تورکیا جگە لە سێکتەری نەوتی لە خاکی لیبیا.

• بوونی تورکیا لە لیبیا دەبێتە دەستکەوتکی گرنگی پشتڕاجەب تەیب ئەردۆغان بە خزمەتکردنی هزری ئیخوان وگروپەکانی سەر بەم رەبازە، زیندووکردنەوەی عوسمانیەتی نوێ بە پاڵپشتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، ئەم نزیک بونەوەیە دەبێتە هەڕەشەیەک بە سنورەکانی قاهیرەو حکومەتەکەی سیسی لە ڕووی فکریەوە.

• هەکەوتنەکە لەکاتێک دایە کە حکومەتی تەوافی نەوەدەتی لیبیا، بەردەوام سکاڵای ئاراستەی ئەو ووڵاتانە کردووە کە هاوکاری و چەک پشکش بە گروپی یاخی سوپای لیبیا بەسەرکردایەتی کەلەلایان خەلیفە حفتەرەوە دەکەن، بۆیە لە رووی پاڵپشتی سیاسی ووڵاتی هاوکاری تورکیا بە حکومەتی تەوافقی بەروارد بەهاوکاری سەربازی هەریەکە لە ئیمارات ومیسر زۆر کەمتر بە گروپی سوپای لیبیا، بۆیە تورکیاو لیبیا پێ یان وایە، لە ڕێگەی ئەم هەکەوتنە فەرمی یە دەتوانرێت تورکیا وەک هاوپەیمانی فەرمی بناسرێت لە رووی دابینکردنی هاوکاری سەربازی، بە هەبەروونەوەی گروپە چەکدارەکان، بە ئابووری تورکیاش پێدانی چەک بەرامبەر بەگازو نەوتی لیبیا کاریگەری هاستەوخۆی دەبێت.

دووەمیان: لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی تورکیاو بۆیەکێتی ئەوروپاو ئەندامیەتی تورکیا لە ناتۆ:

• کاتی رەکەوتنی دەریایی نێوان تورکیا لیبیا، گەڕانکاری لە زەربەی هاوکێشە سیاسەکانی جیهان و هێڕشەکانی ناوەراست دروست دەکات، چونکە بارودۆخی ئێستای یەکێتی ئەوروپا و ململانێ ی هێزە نێودەوڵەتیەکان لە هێڕشەلاتی ناوەراست بە گشتی و سوریا بەتایبەتی، هەوڵها ناڕوونی داهاتووی یەکێتی ئەوروپا وئامانجەکانی فەرانسا لە هێڕشەکانی ناوەڕاست

بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر لە سوریادا، فاکتەری گرنگن بۆ ئاگاری ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەکی وولاتانی ئەورووپاو ئەمریکا لەژەماتی ناوەرستدا.

• ئەو هێکەوتنە دەبێتە هۆی بینینی هێلی گواستنەوەی گازی دەزراوەی قوبرس بۆ هاوپەیمانێتی هەریەکە لە ئیسرایل ویانان وقوبرس ومیسر، ڕێجاب تایب ئەردۆغان لە لێدوانێکی فەرمی دا ئاماژەی بەوەدا هیچ گازێک لە ناوچەیدا ناتوانرێت هەناردەی هیچ وولاتێک بکرێت بێ بە تورکیا، ئامانجی وتارەکەی سەرۆک کۆماری تورکیا قوبرس ویانانکە ئەندامن لە یەکێتی ئەروپا، کەواتە ئەردوغان کارتێکی تری فشار جگە لە پانبەران دژی ئەوروپا بەکار دەهێنێت ئەمش کاریگاری لەسەر داوکاریکانی تورکیا بۆ ئەوروپا دروست دەکات، بەتایبەت دوای هەوڵستەکانی یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر بە تورکیا لە ڕووداوەکانی سوریادا.

• دوای باڵادەستی ڕوسیا لە سوریادا، لیبیا بە ڕوسیا دەرچەیەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ڕکابەرایەتی ئەمریکا بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، هەر بۆیە دوای ڕووخانی حکومەتی قەزافی، ڕوسیا پاڵپشتی گروپەکانی سوپای لیبیای کردوو، هاوکاری سەربازی پێشکەشکردوون، ئەمش بەتە جە ی نیگەرانی ڕاستەوخۆی ئەمریکیا لە ناوچەکەدا، چونکە بەهێزبوونی باڵ دەستی روسیا لە ناوچەکەدا بەربەستی سەرەکین بۆ ئەمریکا، بەڵام ئەمریکیا نێویستوە ڕاستەوخۆنا ڕازایەتی خۆی بەرامبەر ڕوسیا ڕابگەینێت، هەربۆیە ئەمریکا گۆڕپی سەوزی بە تورکیا هەڵکردوو کە ئەندامی ناتۆیە، ئەم ێکەوتنە ئەنجام بدات.

• مەترسیکانی باڵادەستی ڕوسیا لەلیبیا بۆ ئەمریکا، کەم نین، چونکە ئەو هێزەی کە روسیا پاڵپشتی دەکات لە لیبیادا، لەلایان هەریەکە لە ئیمارات ومیسر بە ڕاستەوخۆیی فەرەنسا بە ناڕاستەوخۆیی دەکرێت، ئەمش کاریگاری دەبێت لەسەر نزیکبوونەوەی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ڕوسیا، وەهەروەها هەرشی بەردەوامی گروپەکانی سوپای لیبیا بە سەر حکومەتە دانپێنراوەکەی لیبیا لەلایان نەتەوەیەکگرتوەکان ، پێشبینی جێنگەکی خوێناویتر لە سوریا دەکرێت.

• بەهەی جێنگی سوریا لە ڕووی سەربازیەوە زیانی بەر ئابووریەکەی کەوتوە بۆیە بە بوونی لەو ناوچانەی لیبیا، دەسکەوتی باشی ئابووری دەبیت، بەهەمان شێوە بە فەرانسا.

• ئاگەر تورکیا کشتیکانی لە ڕێگەی ئەم هێلەوە ئارستەی لیبیا بکات، ئەوا ئیسرائیل ویانان وقوبرس دەست وەستان

نابن، هەرش بۆ سەر کەشتیکانی دەریای دروست بکەن ، دووبارە شەژان لە بازاری ئابووری دروست دەبێت.
• گەشەسەندنە بەردەوامەکانی چین لە جیهان بە گشتی وکیشوەری ئەفریقیا بە تایبەتی ، دووبارە گەژی لە نیوان چین و ئەمریکادا دروست دەکات، چونکە دوای ەوداوەکانی بەهاری عەرەبی ئاستی وبەرهەمانی چین لە لیبیای قەبارەکەی ەەژ دوای ەە لە زیادبووندایە.
• ئەمریکا بە بە دەنگی و هاوسەنگی ەاگرتنی پەیوەندیەکانی لەگەە حکومەتی نەودەولەتی لیبیا وگروپەکانی سوپای لیبیا، تورکیا و قەتەر، وەک بەردبازێک بەکار دەنیت، بە سستی پەیوەندیەکانی لەگەە روسیاداو، بەتایبەت لە بابەتی سیستەمی موشەکی.

ئەنجام:

1. بەهەی گرنگی ستراتیجی تورکیا، دەکرێت ئەم ەەکەوتنە فشارەکی تری ئەنقەرە بێت، بە هاوپەیمانەتی ناتۆ، دژ بە ەەکەوتنەکەی ئیسرائیل ووولاتانی ئەندام لە یەکەتی ئەوروپا، بەەام کارتی فشاری ەەگریکردن لە هەناردەکردنی گاز بە بازارەکانی ئەوروپا.
2. ئایدەلەژیاو جوگرافیاو دیمەگرافیاو کەلتور ، سەرچاوەی هەزو ئایندەی هەر وولاتێک دیار دەکات، بۆیە قوبوونەوەی ململانێ یەکانی نەوان گروپە چەکدارەکان لە ناوچەکەدا، کاریگەری بەسەر نرخی نەوت وگاز دروست دەکەن، بە تایبەت ئەگەر یەکەوتنی تورکا ولیبیا بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نرخی گاز بەرزدەبێتەوە بەمەش کار دەکاتە سەر بازاەەکانی گاز لە ئەوروپادا، لە هەمان کاتدا بە ئەمریکا لیبیا رەگەیەکی ستراتیجی دەبێت بە هەناردەکردنی گازی هورمزی نوێ بە بەندەرەکانی سینا ولەوێشەوە بە ئەفریقا، ئەم سیاسەتەی ئەمریکا وەک وەامدانەوەی فشاری ئێران لەداخستنی گەرووی هورمز
3. خوەندنەوە بە ەووداوەکانی ئەم دوایەی رۆژهەاتی ناوەراست و ئەراسیا، ئەوە دەر دەخات، کە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی ئەمریکا دوای جەنگی جیهانی دووەم بریتی یە لە کەنتەەکردنی هێزە ئاوێیەکانی گواستنەوەی سەرچاوەکانی ووزەیە بە بازارەکانی ئەوروپاو ئەمریکای باکوور، لە رەگەی کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەوروپاوئەفریقای باکوور.

4. ئەمریکا دوای جەنگی قەتنام لە رەگەی جەنگی بەوکالەت، هەوەدەدات، ئیحتەوای دەوەتانی ناوچەکە بکات، بە کەنترەکردنی هەلەکانی گواستنەوەی ووزە، بە ئەوروپا، بەیە لەرەگەی پەنداوە، هاوکاری هەر لایەنەک دەکات بە دروستکردنی هەرەشە بە سەر ئەوروپا.
5. کەنترەکردنی ئەراسیا، واتە کەنتەلکردنی هەموو دونیا، چونکە تەنها ناوچەیە کە دەتوانێت حوکمی ناوچەی ناوەراستی پە بکەی.
6. دەرچوونی بەریتانیا لە یەکەتی ئەوروپا، دەرفەتکی گرنگە بە کەنتەلکردنی هەزە سنوورە دەریاییەکانی زەریای هیندی بە گواستنەوەی گازی سروشتی بە باکووری ئەمریکا.
7. سیاسەتی پەیوەندی دبلەماسی و پەیوەندیە نەودەوەتیاک، کاریگەر دەبن لەسەر دورخستنەوەی وولات لەهەر کات وساتەک دا.

لە بەندەری بەرمەداوە بۆ زمانی باڵندەم دەزانی داکشانی شیعریی لای کەژاڵ ئەحمەد

سەدیق سەعید ڕواندزی

ئەزموونی شیعریی،ئەزموونەکە لە گەڕاندایە. کاتێ شاعیرەکیش هیچی نوێی پێ نامێنێ بۆ وتن، یاخود ئەزموونە شیعرییەکەی لە جێی خۆی وەستا، ئەوا جاری مەرگی خۆی دەدات. خولانەوە لە بازنەی شیعرو زمانەکی دیاریکراودا، ناتوانێت گوتارەکی دیکەی شیعری جیاواز بێنێتە ئاراوە. یەکێك لەو هۆگەزە شیعرییانەی وایکرد نیو سەدە زیاتر شەرکێ بکەس لە نێو ئەزموونی نووسینی شیعردا بژیت زمانەکەیەتی. شەرکێ بە بۆای من هەر تەنها شاعیرنەبوو، بەکو فەرهەنگەکیش بوو لە زمانی تازە و وشەی تازە. ئەگینا هاوشێوەی گەلێك شاعیری تر، دەمێك بوو دەکەوتە پەراوێزی مێژووەوە.
کە زمانی شیعر جیاواز کەوتەوە، ئەوا وێنە و ماناش جیاواز دەکەونەوە. چونکە شیعر زمانە. کاتێ سەیری شیعرەکانی(ئێستا کچێك

نیشتمانە)دەکەین، ئاخۆ بەر هەمان ئەو چەمکی نیشتمانە دەکەوین، کە بۆ ساڵانێکی دوورو درێژبوو لای شەرکۆ بێکەس هەهەندێکی سیاسی هەبوو؟ یان بەرگوتارێکی دیکەی جیاواز دەکەوین؟ ئەو گۆڕانکارییە بەرمەبنای دنیابینییەکی نوێ و زمانێکی نوێی شیعرییە.زمانێك کە شیعری ئەو شاعیرە بەرە و ئاراستەیەکی جیاوازتر لە پێشوودەبات. کاتێ شاعیرهەست دەکات ناتوانێت ئەو زمانە تێپەڕێنێت، بڕگومان ئەو کات بەر ئەزموونێکی جیاوازترو نوێترناکەوین.

لەو ڕوانگەیەوە، کاتێ سەرنج لە زمانی شیعری کەژاڵ ئەحمەد لە کۆمەڵە شیعری (زمانی باڵندەم دەزانی) دەدەین، هەست دەکەین نەك هەر بەرزمانێکی تازەی شیعری ناکەوین، بەڵکو درك بە داکشانێکی گەورەی شیعریش دەکەین لای ئەو خاتوونە شاعیرە.شیعرەکانی ئەو دیوانە، ئەگەر بەراورد بکەین بە(بەندەری بەرمێدا) باشتر ئەو جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت.کۆمەڵە شیعری(زمانی باڵندەم دەزانی) نوێترین و دواترین کۆمەڵە شیعری کەژاڵ ئەحمەدە.ئەگەر بە وردی سەرنج لەو شیعرانە بدەین،دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر جۆرێك لە سادەبوونەوە و پاشەکشەی شیعریی، بە ئەزموونی ئەو خاتوونەوە دیارە. بە تایبەتیش ئەوانەی لە ماوەی دە ساڵی جۆڕشتنی نیشتمان لە نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2018 نووسیونی.لە نێوان بەندەری بەرمێدا، کە یەکەم کۆمەڵە شیعری ئەوە و بیست ساڵ لەمەو بەر چاپکراوە، لەگەڵ زمانی باڵندەم دەزانی کە نوێترین شیعرەکانی ئەون، جیاوازییەکی گەورە لە ڕووی زمان و دنیابینی و گوتاری شیعرەکانەوە هەیە. ئەو شیعرانەی لە بەندەری بەرمێدا هەن، لە ئاستی وێنەی شیعری، چۆژو شیعرییەت، زۆر لە شیعرەکانی ئێستای جوانترو سەرنج ڕاکێشترن، ئەگەر چی دوو دەیەش بە سەر نووسینیاندا تێپەڕیوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە داکشانێکی گەورەی شیعری لای ئەو شاعیرە هاتۆتە ئاراوە و ئەستەمە بەو شیعرە سادانە،جارێکی تر بتوانێت سنووری بەرمێدا ببەزێنێتەوە. لە ڕاستیدا، بیست ساڵ زەمەنێکی کەم نییە بۆ نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە ئەزموونی شیعری شاعیرێکدا.تەنانەت ئەو گۆڕانکارییە دەبۆ بە جۆرێك بێت، خوێنەر هەست بە دیدگای نوێترو شیعری جوانترو هونەریتر بکات، نەك بە ئەزموونێکی شیعری سادەوە، جارێکی تر هەوێبدەی خێت بناسنیتەوە.لە بەندەری بەرمێدا دا، ئێمە دەنگی ژنە شاعیرێکی یاخی، تووڕە، هاتییەوە بە گژهەموو جۆرە بیر کردنەوە و ترادیسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو دەبینین. لەو شیعرانەدا، بەردەنگی ژنێك دەکەوین کە نەك

هەر ژنبوونی بەلاوە شووەیی نییە، بەکو شانازییەکی گەورەش بە ناسنامەکەیەوە دەکات.دەنگێك کە زایەڵەکەی هەموو دنیا دەگرێتەوە. دەنگێك تا ئەو پەڕی سنوور، شەڕی ناسنامە،ژنبوون،بوون و ژیان دەکات، بە بێ ئەوەی سێ لە هیچ شتێك بکاتەوە. لە بەندەری بەرمێدا، کەژاڵ ئەحمەد لە شیعرێکدا دەڵێت:_

ئاواتی من گەورەترە لە وەی بە تەنیا ئافرەت بم.
خەونەکانم باڵاترن.
لە وسنوورو نەریتانەی.
لەم دنیادا بۆم دانراون..
(بەندەری بەرمێدا ل12)

ئێمە لێرەدا، لە بەردەم ناسنامەی ژنێکین، کە یاخی و تووڕە، بە گژ هەموو تراديسیۆنێکی دواکەوتوو دادێتەوە. ئەو شاعیرە سنووورە باوەکان دەبڕێت خەونی مەزن و گەورەی هەیە. خەونێك کە نەك هەر لەم دنیایەدا جێگەی نابێتەوە، بەکو بە دوای دنیایێکی دیکەشدا دەگەڕێت.لەو کۆپڵە شیعرییەدا، ناسنامەی ژنێك دەبینین، کە مرۆڤبوونی لە پێشەوەی ژنبوونیەتی.ئەم شاعیرە داکۆکی لە ناسنامەی خۆی دەکات و دەیەوێت ئەو بۆچوونە لای هەمووان دروست بکات کە ئەو بەر لە ژنبوونی مرۆڤە.ئاواتەکانی ئەو، خەون و خۆزگەکانی گەورەترن لە هەموو ئەو خەونە ژنانەی کە ژنان هەیانە. بە تووندی بەگژ ئەو نەریتانە دێتەوە کە هەنگاوی ژیانی ژن دەکەن و بوونەتە بەشێك لە کولتووری میللییانەی کۆمەڵگا. دەنگی ئەو شاعیرە لەو شیعرەیدا، دەنگی مرۆڤێکی یاخی وئامنەکراوە، دەنگێکە کە ئاراستەی هەمووان دەکرێت بەوەی کە ژن تەنها وەك کاڵایەك لە خزمەتی پیاو نەبینن،کەژاڵ دەیەوێت ئەو دیدگایە تێکبشکێنێت، کە ژن لە شەڕەفدا دەبینێت و شەڕەفیش لە دڵپە خوێنێکی ژن، بۆیە ئەو نەك هەر دژی ئەو ڕوانینەیە، بگرە هەتیشی دەکاتەوە، گەمە بە ئەقڵی ئەوانەش دەکات کە ژن وەك هۆمای شەڕەف دەبینن.بۆیە بیست ساڵ لە مەوبەر دەڵێت:_

ئەوەتانێ کابرایەکی ڕۆژهەاتی..
لەسەر کورسی حەیاو ئابوورم دانیشتووە..
قاچی خستەتە سەرقاچی..لە پێ یەکدا..
سەد جار دەڵێ بەشەڕەفم..
ئای لە شەڕەفی ژیوی کابرایەکی ڕۆژهەاتی..
بۆگومان ڕۆژهەات لێرەدا، هەرتەنها دەلالەتێکی جوگرافی نییە، بەکو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی هەیە. چونکە پیاوی ڕۆژهەاتی، وەك

ئاماژەمان پێکرد شەڤ لە جەستەی ژن دەبینێتەوە، بەڵام شەی شاعیر لێرەدا، شەی ئەو دنیابینیەیە کە دەیەوێت ناسنامەیەك لە شەڤ و ئاباوو بێ ژن بتاشێت. بە دەربڕینێکی تر، شاعیر دژی ئەو تێڕوانینە میللییە دەوەستێتەوە کە ژن وەك هێمای شەڤی پیاو دەبینێت. چونکە خاوەندارێتییەکە لێرە بێ پیاو دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش بەشێکە لە ئەقڵی دەرەبەگایەتی. شاعیر دژی ئەو پاشکۆبوونە دەوەستێتەوە و ناسنامەی خێی گەورەترلەوە دەبینێت کە بە تەنها ژنێك بێت. بە پێچەوانەوە ئەویش وەك هەگەزەکەی تر، خاوەن شوناسی خۆیەتی.بە تێگەیشتنی ئەو, وەك چۆن شەڤی پیاو هی ژن نییە، بۆچی شەڤی ژنیش هی پیاو بێت؟ کەلای ئەو ژیو و بێگەنە و دیاریشە ژیو مانای ئەوە دەگەیەنێت کەکەکی هیچی نییە.دوای بیست ساڵ لەو دەنگە یاخییە، لەو شیعرە تووڕە و جوانانە، بابزانین لە زمانی باێندەدا ئەو شاعیرەچی دەڵێت؟.شاعیر دوای دوو دەیە، نەك هەر شەڤی ژیوی پیاوی ڕەژهەاتی هەتنەکردەوە، بەکو لاوازانەش لە بەرامبەری دەوەستێت.شاعیر پیاو وەك هێمای دەسەڵات و تووڕەیی و هێز پیشان دەدات و ژنیش وەك بوونەوەرکی لاواز.ئەو لە زمانی باێندەدا دەڵێت:_

ئەگەر دەستی تێم بەرکەوێت. ڕوح دەکەیت بە بەرما..
دەمکەیتەوە بە کچێك گەزی نازی لێ بژێت..

(زمانی باێندەم دەزانی تا26)

بێ من وەك خوێنەرێك، جێگەی سەرنجە ژنە شاعیرێك، کە سەردەمانێك شیعری وەك هێمای یاخیبوون و هاتنەوە بە گژ ئەقڵی پیاو سالاریی دەبینی، کەچی دوای بیست ساڵ هێندە لاوازو دەستەمێ لە ژیاندا خێی دەربخات. ئەوە گرنگ نییە، ئەو دەستەی ڕوح دەکاتەوە بەری شاعیر، دەستی هاوڕێ، یار، یاخود نیشتمانە، پرسیار ئەوەیە کەسێك لە چاوەڕوانی ئەوەبێت یەکێکی تر بیکاتەوە بەکچەکەی جاران و خێی ئەو وزە و یاخیبوونەی تێدا نەمابێت، دەتوانێت شیعر بکاتە پەیامی ژگاربوون بێ ژنانی تر؟ مەگەر ئەو شاعیرە دوو دەیە لەمەوبەر ناسنامەی خێی، خەونەکانی، لە ژنبوونی گەورەترنەدەبینی؟جیاوازتر لەوانیتر بیری نەدەکردەوە؟ کوا ئەو خەونانە؟ بۆچی ئێستا هێندەلاواز، غەریب و دەستەمێ خێی دەردەخات. مەگەر ئەوە پاشەکشەیەکی دیاری گوتارو دنیابینی ئەو شاعیرە نییە. تا ئەوا ڕادەیەی بڵێت:_

نەخێر ناتوانم ڕێگایەك بدەزمەوە.
لەم شەوە ڕووناکە کوژەدا..
مەحاڵە پێکەنین.

(زمانی باێندەم دەزانی تا16)

شاعیر، هەهایانە ئەوە بۆ هەمووان بەیان دەکات، کە ئیدی ناتوانێت ڕۆگایەك بدزێتەوە. تەنانەت هەر لەسەرەتاوە، بە نەخێر دەدوێت. واتە هەموو هەوڵدان و گەڕانێك لە پێناو دزینەوەی ڕۆگەیەکی تر،ئەنجامی نابێت و دەبێ ڕازی بێت بەو قەدەرەی بۆی داندراوە. بۆگومان نەدزینەوەی ڕۆگای تازەش،واتا بە ڕۆگادا ڕۆیشتنی ڕۆگای هەموو ئەوانیتر، بەمەش هیچ جیاوازییەك ناکەوێتەوە لە نێوان خۆی و ئەوانیتردا، لە کاتێکدا بیست ساڵ لەمەو بەر،خەونەکانی گەورەتر بوون لەوەی بە تەنها ژنێك بێت.کەچی دوای بیست ساڵ، ئەوشاعیرە بە شێوەیەك پاشەکشەدەکات،کە مەحاڵە توانای پێکەنینیشی هەبێت.
دڵشدامانی شاعیر لەدوای بیست ساڵ بە دیار ژیانەوە کە لە سەرەتاوە هەتیدەکردەوە،ئاماژەیەکی ووونە بۆ پاشەکشەی شیعری ئەو، هاوکات نەدزینەوەی دنیایێکی دیکەشە. بۆگومان تا لە سەر شیعرەکانیش بوەستین،باشترئەودنیابینیەمان بۆدەردەکەوێت.لە پەراوێزی ڕوانینمان بۆ بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی لە کۆمەڵە شیعری زمانی باڵندەم دەزانی هاتوون، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کەژاڵ، بیست ساڵ لە مەوبەر زۆر داهێنەرترو بەتواناتربووە لەنووسینی شیعر.
لەکاتێکدا هەرشاعیرێك لە ئەزموونی شیعری خۆیدا، ئەگەر نەیتوانی گوتارو دنیابینی نوێ دابهێنێت وەابردوو تێپەربکات،باشترواید نەنووسێت.چونکە خوڵانەوە بەدەوری شیعردا،هیچ داهێنانێکی لێ ناکەوێتەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە کاتێ وەك خوێنەرێك شیعرەکانی بەندەری بەرمەدام خوێندنەوە و بەراورد بە شیعرەکانی ئێستای ئەو شاعیرەم کردن،هەستم کرد ئەوشاعیرە لە ماوەی دە ساڵی جەهشتنی نیشتماندا، جگە لە چەند شیعرێك کە زمانێکی سادە و ئاسایی، بۆ پەیام و ناوەڕۆك، بۆ یاخیبوون و شەڕی ژنبوون، هیچی تری نەنووسیوە. دەکرێ خوێنەرانیش بۆ دروستی ئەو بۆچوونەی من، بەراوردی هەردوو بەرهەمە شیعرییەکە بکەن.ئەو جیاوازییانە بە ئاراستەی پاشەکشێی شیعری بەجۆرێکن،کە هیچ خوێنەرێك ناتوانێت هەستی پێ نەکات.وەك ئەوەی ئێمە لە بەردەم دووشاعیری جیای دووقۆناغ ودووسەردەمی جیاوازبین.کەژاڵ بیست ساڵ لە مەوبەرو لە بەندەری بەرمەدا دا دەڵێت:_

من ماڵێکم هەیە لە سەر مانگ…
گۆڵێکم هەیە لە سەر ڕۆی کاکێشان..
(بەندەری بەرمەدا ڕا114)

ماڵێکم هەیە لە سەرمانگ،دەلالەتێکە بۆ جیاوازکەوتنەوە و خۆدابڕین لە هەموو ماڵە کلاسیکییەکانی سەر زەوی. بۆگومان ماڵ، گوزارشتێکی

کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و خۆزانی، پەتریاکی و میللی دەگەیەنێت. هەمیشە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ماڵ لای زۆربەی ژنان وەك زیندانێکە. شوناسی ژن لەو چوارچێوەیە دایە. ماڵ و ژن، زۆرجار دەبنە دووانەیەك کە لەیەکتری جیانابنەوە، تەنانەت تێواننێکی خێڵەکی لەنێو ئێمەدا باوە کە دەڵێن:(ژنێك بینە باببیە ماڵ). وەك ئەوەی ئەرکی ژن، تەنها لەو ئێگانە کۆمەڵایەتیەدایە کە ناوی ماڵە. ماڵێك کە تیایدا سنوور بێ هەموو خەون و سەربەستی و ئازادییەکی ژن دەکۆشێت. شوێنی ئەو تەنها ماڵە، لە دەرەوەی ماڵ، ئیدی شوناسی ئەو هەمیشە لە بەردەم سێبەرەوە و ڕوشاندایە.بۆیە کاتی ئەو شاعیرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ماڵێکی لە سەرمانگ هەیە،ناڵاستەوخۆ ئەوپەیامە دەگەیەنێت کە ماڵی من لە ماڵی هەمووتان جیاوازە.

من وەك ئەوە نیم و وەك ئەوەش ڕازی نابم بە ماڵێك لە سەر زەوی کە بۆم دروست دەکرێت.بەکو ماڵی من لە سەر مانگە، کە بە ئەندازەیەك دوورە، دەستی هیچ کەسێکی نەگاتێ.ئەو ماڵە، هاوشێوەی هەموو ئەو ماڵانە نییە کە لە سەر زەوی هەن.ماڵێکە لەسەر مانگ کە سەدان هەزار میل لە زەوییەوە دوورە.ئەم جیاوازکەوتنەوەیە،بەرهەمی ئەودیدگا شیعرییە پڕجێش و خرۆش وداهێنانە بوو،کە بۆ ساڵانێکی درێژشیعری کەژاڵی پێ دەناسرایەوە.شیعرێك کە هەمیشە وەك ڕیفڕمێکی کۆمەڵایەتی بە گژ داب و نەریتەکان، ئەو قەدەغەکراوانە دەچووەوە، کە ژنیان وەك هەگەزێکی لاواز، پاشکۆی پیاو، بێ ناسنامە دەدیت. وەڵێ دوای بیست ساڵ، با بزانین ئەو ماڵەی شاعیر بانگەشەی بۆدەکرد کە لە سەر مانگە چی لێهات؟ توانی بینای بکات؟ لە دوای بیست ساڵ و لە کۆمەڵە شیعری زمانی باڵندەم دەزانی، ئەو ماڵە نەك هەر بوونی نامێنێت و دەستەوەستان و لاواز دەبێت،کە توانای ئەوەی نییە نەك لە سەرمانگ،بگرە زەویش ماڵێك بونیاد بنێت!!.واتا لەو ژنانەش لاوازترو بێ ئیرادەترە،کە هەموو ژیانیان لە نۆماڵدا دەبینن و بە سەربەخۆبوونی ماڵیان،واهەست دەکەن کۆتایی خەونەکانیانە.لە دوای ئەو هەموو ساڵە شاعیر دەڵێت:

ئێستا کوانێ..کوا ماڵی هەیە ژیانم؟
وەك چۆنەکە بە تەنها فڕین دەزانم..
(زمانی باڵندەم دەزانێ ل21)

واتا شاعیرلەسەر زەویش هەست ناکات ماڵی هەیە،ئەگەرچی بیست ساڵ لە مەوبەر لەسەر مانگ ماڵی هەبوو، بگرە گۆڕەکەشی لە کاکڵشان بوو نەك گۆڕستانی هەمووان. ئەمەش دەریدەخات، کە دوای بیست ساڵ ئەزموونی ئەو شاعیرە،داکشانێکی گەورەی شیعری بەخۆوە بینیوە لە ڕووی فۆرم و زمان و پەیامی شیعرییەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا. چونکە نەك

تەنها لە ڕووی گوتاری شیعرەکانەوە، ئەگەر لە ڕووی زمانی دەربڕین و وێنەی هونەریش لە شیعرەکانی شاعیر بڕوانین،درك بەوە دەکەین کە زمانی شیعری کەژاڵ،بیست ساڵ لەمەوبەر لە زمانی شیعری ئێستای جوانترو سەرنجڕاکێشتر بووە.بۆنموونە: لە بەندەری بەرمێدادا، لە شیعرێکدا دەڵێت:_

لەم کۆتانە عەتری یادەوەری هەیە..
بەڵام بۆن کۆناکرێتەوە..
دەنا شووشە بەتاڵەکانی عاتیفەم لێوان دەکرد..
(بەندەری بەرمێدا ل78)

ئەوشاعیرە،بەزمانێکی سادە،چ وێنەیەکی هونەری شیعری بەرجەستە کردووە.عەتری یادەوەری و شووشە بەتاڵەکانی عاتیفە،چەند وێنە و دەستەواژەی شیعری جوانن کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن.کەچی لە دوای ئەو هەموجوانییە لە زماندا، تازە ئەو شاعیرە لە زمانی بانێندەدا دەڵێت:_

پیاو کە پەست بوو هاوار دەکات..
دەرو دراوسێش دەزانن..چی دەڵێت و چی دەکات
(زمانی بانێندەم دەزانی ل 63)

دەکرێ خوێنەران، بەراوردی هەردووکیان بکەن، ئەو کات دەردەکەوێت کە وێنەی شیعری و زمانی ئەو شاعیرە، بیست ساڵ لەمەوبەر چۆن بووەوە ئێستاچۆنە؟دواجارئەگەر بمەوێت وەك خوێنەرێکی شیعر لە بارەی دوا دیوانی کەژاڵ ئەحمەد ڕایەك بڵێم، ئەوا بڕ دوو دڵی و بەویپەی ڕاشکاوییەوە، بڵوام وایە خێری شیعری ئەو شاعیرە ئاوابووە.بڕیە دەبڕ هەرشیعرە کۆنەکانی بخوێنینەوە، تاکو شوناسی شیعری و ئەزموونی شیعری، لە بیری خوێنەراندا بە نەمری بمێنێتەوە!!!…

_____

پەراوێز:_

1_بەندەری بەرمێدا/ شیعری کەژاڵ ئەحمەد/ ساڵی چاپ 1999…
2_ زمانی بانێندەم دەزانی/ شیعری کەژاڵ ئەحمەد/ ساڵی چاپ 2019.

*ئەم بابەتە لە(ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ)ژمارە(1114) ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 5/12/2019بڵاوکراوەتەوە…

گفتووگۆ لەگەڵ شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی ئەدەبی منداڵانی کورد محەمەد بەرزی … رۆزا شوان

ئەندازیار "محەمەد بەرزی" شاعیر و چیرۆکنووسێکی بە توانا و ناسراوی بواری جیهانی ئەدەبی منداڵانی کوردمانە، بە تایبەتیش لە نووسینی هۆنراوە و چیرۆکەهۆنراودا بۆ منداڵان دەستێکی باڵای هەیە. هۆنراوەکانی محەمەد بەرزی، هەموو بنەما و مەرج و تایبەتمەندییەکانی هۆنراوەی سەرکەوتووی منداڵانی لەخۆگرتوون.. کورتن بە زۆری لە شەش دێڕی کورتی ئاوازداری سەروا و تەرپە سووک و شیرین، ئاسان و ڕەوان پێکهاتوون.. وشە و ڕستەکانی لە فەرهەنگی زمانی منداڵانی کوردمانەوە وەرگرتوون. بە زمانی کوردی پەتی و ڕەوان و بە شەوازێکی شیرین و ئاسان دایشتوون.. کەشی هۆنراوەکانی خەماڵین "بۆگەیین" هۆنراوەکانی چوونەتە دڵی منداڵانی کوردمان و بە ئاسانی بەشێکی زۆریان لەبەرکردوون. چەند هۆنراوەیەکیشی ئاوازیان بە داناون و منداڵانی کوردمان بە ئاواز و گۆرانییەوە دەیانچڕن.. لە کۆتاییە تەلەفزیۆنییەکاندا پێشکەش دەکرێن. محەمەد بەرزی، دوو پەرتووکئ زانستی بۆ ناوەکانی "وزەی خۆر" و "کۆینەر" ەوە چاپکردوون.. پێنج پەرتووکیشی بۆ منداڵانی کورد چاپکردوون، کە بەشێک لە چیرۆکە وەرگێڕاوەکانی لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی بۆ منداڵان، لەگەڵ بەشێکیش لە هۆنراوەکانی بۆ منداڵان لەخۆگرتوون، ناوەکانیان: "ناسک و ورچەکە، بازن، مریەم، خۆزگە، بەرخۆکەی لانە" لە دوای ئەم پێنج پەرتووکانەشەوە، کەمێک چیرۆکی وەرگێڕاوی تری و کەمێکیش هۆنراوەی جوانی تری بۆ منداڵانی کوردمان نووسیون کە هێشتا چاپ نەکراون.

من پێنج ساڵە هۆنراوکانی بەرزی بۆ منداڵان دەخوێنمەوە. ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە محەمەد بەرزی، حەز بە نووسینی زۆربە و بەربە ناکات، بەڵکو حەزی بۆ نووسینی کەم و پوختە.. محەمەد بەرزی نووسەرێکی بوێر و ڕاستگۆیە. بۆجگە لە

هەنراوەکانی بە منداڵان، لە بواڕەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆخنەشدا، بە توانایەکی چەندین نووسینی جوانی هەمەچەشنەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان و لە سایتە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
لەم دیدارەدا ماندا لەگەڵ کاک محەمەد بەرزی دا، چەند پرسیارێکمان دەربارەی ئەدەبی منداڵانی کورد بە گشتی و هەنراوەی منداڵانی کورد بە تایبەتی لێکرد.. بەڵێزیان بە پێخۆشحاڵییەوە وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە.. ئەمەش دەقی پرسیارەکانی ئەمە و دەقی وەڵامەکانی شاعیر و چیرۆکنووسی منداڵان کاک محەمەد بەرزی یە:

پرسیار: محەمەد بەرزی چەن خەی بە خوێنەرانی خۆشەویست دەناسێنێت؟

وەڵام: ناوی تەواوم (محەمەد قادر محەدین)ە، لە ڕۆژی(٢٠/٧/١٩٤٦)دا، لە گەڕەکی "گەیژە"ی شاری "سلێمانی" دا هاتووەتە دنیاوە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم هەر لەو شارە سەربەرزەدا تەواوکردووە. لە ساڵی (١٩٧١) دا، (بەشی کارەبا)م لە کۆلیجی ئەندازیاری زانکۆی تەکنەلۆژیای بەغداد تەواوکردووە.
هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وانەی کوردی بووە. توانای لە بەرکردنی هەنراوەم هەبووە. هەر بۆیە زۆر جار لە قوناغی سەرەتاییدا، کاتێک بۆیانیان ریزدەکراین، مامۆستاکان هەناومیانەتە دەرەوە و گەرانی (من جوتیارێکی وەاتم و گەڵەمە مەخەک) م چێیوە.
لە نەوەدەستی ساڵەکانەوە تا ساڵی (١٩٧٥) لە ریزەکانی (کاژیک) دا کارمکردووە.
لە ساڵی (١٩٧٠) دا، بە یەکەمجار لە ژمارە (٤١) ی ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا، هەنراوەی(هەڵەی کورد) م بڵاوکردەوە.
لە ساڵی (١٩٧٢) دا لە گۆڤاری(زانیاری) دا، بابەتێکی زانستیشم بە ناوی (دەرچە) ەوە بڵاوکردەوە.
تا ئێستا زیاتر لە (٢٠٠) بابەتی هەمجۆرم لە گۆڤار و ڕۆژنامە و لە سایتەکاندا بڵاوکردەتەوە.. ئەمە سەرباری دوو کتێبي زانستی بە ناوەکانی (وزەی خۆر ، کوێنەر)
پێنج کتێبی منداڵانیشم بە ناوەکانی (ناسک و ورچەکە، بازن، مریەم، خەزگە، بەرخەکەی لانە) چاپکردوون.
لە ساڵی (١٩٧٤) دا، پێوەندیم بە شۆڕشی ئەیلوڵەوە کردووە. لە دوای ڕاپەڕینیش بە شکاندنی تەوقی ئابلۆقەکانی حکومەتی بەعس

لەسەر هەرەمی کوردستان، یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی پاڵەوگە خەماڵیەکەی نەوت لە ناو کارگەی شەکر لە سلێمانیدا.
پاش (٣١ی ئاب)ی ساڵی (١٩٦٦)، لە ترسی گەڕاندنەوەی سوپا دەندەکەی سەدام بۆ شاری سلێمانی، خەم و خەزانەکەم کەچمان کردووە بۆ (ئەمریکا) چونکە بۆپی
یاساکانی ئەو کاتەی رژێمی بەعس:(ئەوەی بۆ ڕزامەندی حکومەت دەستکاری بواری نەوتی کردبێت، سزاکەی سەدارە بووە) .

پرسیار: چۆن و لە کوێوە محەمەد بەرزی هەگری جیهانی ئەدەبی منداڵان بوو؟

وەڵام: بۆ ماوەیەکی کەم دوای گەیشتنمان بۆ ئەمریکا، بۆ سەراخی کتێبی کوردی، بۆ پەرشووە سەردانی کتێبخانەی گشتی شارەکەم کردووە، کە تێیدا جێگیربووین. لە سوچێکی زۆر زۆر بچکۆلەدا، نزیکەی چل کتێبی کوردی دانرابوون، بەو کتێبانە دەتووت گەوهەرێکی گرانبەهام دەزیوەتوە. شنەی شادی بۆ جارێک لە ناخمدا هەڵیکرد، خەریکبوو لە خۆشیاندا وەک با بفڕم. ئەو کاتەی سەرقاڵی تەماشاکردنی
ئەو کتێبانە بووم، بۆ دڵیان دایک و باوکم دەبینی لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەرەو هەڵەک دەچوون. زۆری ژمارەی ئەو کەسانە سەرنجیان ڕاکێشام، بۆیە منیش بەرەو ئەو هەڵە چووم. دەرکەوت هەڵەکی گەورەی منداڵان بوو، لەوان لەو بوو لە جوانی. داروديواری بە کاغەزی بریسکەدار و وێنە و قردەڵە و میزەدانی ڕەنگاوەڕەنگ رازابوەوە. دڵیان کەمپیتەری بچکۆلە و هەزاران کتێب و گۆڤار و سیدی و کاسێتی ڤیدیۆی لە خۆی گرتبوو. لە ناوەڕاستی هەڵەکەدا سەکۆیەکی نزم بە درێژی سێ مەترێک دروستکرابوو، چەندین قۆفەزی پێ باڵندەی ڕەنگاوەڕەنگیان لەسەر دانرابوون. دایک و باوکەکان بە تەنیشت منداڵەکانیانەوە دانیشتبوون. یا گۆڤار و کتێبیان بە منداڵەکانیان دەخوێندەوە، یا منداڵەکان بە ئەوانیان دەخوێندەوە. خۆ ئەو منداڵە ساوایانەی کە لەگەڵ خوشک و براکانیاندا هاتبوون و هێشتا توانای گوێگرتن و خوێندنەوەیان نەبوو، بە خشیەوە بە دەوری ئەو قۆفەزانەدا وەک پەپوولە دەخولانەوە.. کاتێک دەنگی تریقەی پکەنینیان تێکەڵ جریوە و جووکەی ئەو باڵندانە دەبوون، دیمەنێکی وایان دروستدەکرد، مرۆڤ هەر حەزیدەکرد تەماشایان بکات. ئەو دیمەنانە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام.

کە چۆن لەو وەختە مەزندا بەو رادە زۆر بەرزە گرنگی بە منداڵان

دەرێت، هەر بۆیە وەک تۆرەکی تیژ بەر ڕەحم کەوتبێت، خامۆشییەک ناخی گرتم، چونکە لەو ساتەدا ئەو هەڵە بوو بە ئاوێنەیەکی پاک، بە ئاشکرا کەمتەرخەمی و بێ ئاگایییمی بەرامبەر بە منداڵەکانی خۆم و نەتەوەکەمی بە دەرخستم. لە هەمان کاتدا یەکێک لە هەڵکارەکانی گۆڕەپی و مەزنی ئەمریکاشی زۆر بە چاکی بە ئاگای هێناموە. هەر بۆیە ئەو شەوە خەمێکی گەورە و گران سەرتاپا سەر دەیان گرتم. ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ هەمان کتێبخانە و پێناسیەکم دەرهێنا و نزیکەی دە کتێب و گۆڤارم وەرگرت و کەوتمە خوێندنەوەیان، هەر زوو بە خێرایی (٢٧) چیرۆکم کرد بە کوردی. پاش ماوەیەک هەمویانم ناردەوە بۆ سلێمانی و بوو بە کتێبی (ناسک و ورچەکە) ئۆگرچیش پڵڵە پڵی پووە دیارە، بەڵام ئەوە یەکەم هەنگاوی ئەو کارانە بوو، کە وردە وردە گەیشتنە ئەمڕۆ.

پرسیار: ئەمە تا چەند بۆ لای ئەوەو ڕاستە، کە نووسەری بواری منداڵان، منداڵیی خۆی دەبێتە ئیلهامی نووسینەکانی؟ یا بەڵێن لە ناخی هەر نووسەرێکی بواری ئەدەبی منداڵاندا، منداڵێک هەیە؟

وەڵام: بەڵی ئەوە زۆر ڕاستە، کاتێکیش نووسەرانی بواری منداڵان دەبن بە دایک و باوک و بە نانک و باپیر و بە چاوی خۆیان نەوەکانیان دەبینن، ئەوا ئەو ئیلهامە شاراوەیە زۆر خێراتر گەشەکات و باشتر خزمەتی بواری جوانەکەی منداڵان دەکات.

پرسیار: بابەتی هەنراوەکانت بۆ منداڵانی کوردمان چۆن هەڵدەبژێریت؟

وەڵام: هەنراوەکانم لەبەر ڕەشنایی بوارەکانی: پەروەردە و فێرکاری، نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوە و فراوانکردنی ئاسۆی خەیاڵدا هەڵدەبژێرم. تا لە ڕێگای وێنەی هەنراوەی جوانی چیرۆک ئامێزی مەسیقادارەوە، پەیامێک بگەیەنێت بە منداڵان و دەیان خۆشبکات و پرسیاریان لا دروستبکات.

پرسیار: ئەو پەیامانەی چین، کە لە ڕێی هەنراوەکانتەوە، دەتەوێت بە منداڵانی کوردمانی بگەیەنیت؟

وەڵام: منداڵان سامان و سەرمایەی بەنرخی نەتەوەن، یەکەم چینی کۆمەڵگان، کە دواڕۆژیان لەسەر بنیاتدەنرێ، جا بە ئەوەی

چینەکی پتە و نەوێکی چاوکراوەی دانا و زیت و زیرەک بن، ئەوا بە کورتی پێیامەکانم بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١ـ لە رەگای لەبەرکردنی هەنراوەکانەوە، منداڵان بتوانن فەری زمانی شیرینی کوردی ببن بە جوانی قسەی ڕەوانی پێبکەن، فەری نووسین و هەگری خوێندنەوەی ببن.
٢ـ بڕەو بە بەهرە و تواناو گەشە بە زەین و هەش و فراوانکردنی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان بدەن.
٣ـ ڕاهێنانیان لەسەر خۆشەویستی خەزان و نیشتمان و دەوروبەر، بە ژینگە و ئاژەڵ و باڵندەشەوە. بە دەکی فراوانیشەوە و ڕەزلە ڕا و بەچوونی جیاواز بگرن و ڕەخنەش قبووڵ بکەن.
٤ـ هەستی منداڵان بجووڵێنن، پرسیاریان لا دروست بکەن، دەربارەی مانای وشە و بیرکەی هەنراوەکان، چاوکراوەبن، بە دوودڵی پرسیار لە گەورەکان بکەن و
بە شەرم و ترسیش ڕا و بەچوونەکانی خەیان دەربڕن.

پرسیار: من پێم وایە هەر هەنراوەیەک بە منداڵان، گەر منداڵان لە گەز و هەنگوین زیاتر چەژی شیرینی نەکەن.. زەر تەی نا ئاڵەن و زووش لایان کاڵ دەبێتەوە.. ڕا و بەچوونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟

وەڵام: بەڵی ئەمەش ڕاستە، جا بە ئەوەی هەنراوە لای منداڵان شیرین بێت و دەیان خەش و گەش بکات، ئەوا پێویستە سوک و ئاسان بێت، زەر درێژ نەبێت، دوور بێت لە وشەی قەبە و زبر، کە منداڵان تەی ناگەن. وشە و دەڵکانی ئاوازداربن، بێتەکانی پێوەندییان بە یەکەوە هەبێت، بە ئاسانی بخوێنرێتەوە، زوو لەبەربکرێت، گوزارشت لە خواست و ئارەزوویان بکات، لە ئاستی بیرکردنەوەیاندا بێت. پاشان وەک تابلۆیەکی جوان یا چیرۆکەکی خەش بێتە بەرچاویان. خە ئەگەر وانەبێت دیارە زوو لەبیر دەچێتەوە و بە دەیانەوە نانووسێت.

پرسیار: پێروەردەکردنی منداڵانی کوردمان بە کوردستان پێروەری و شیرین کردنی هەستی هاوبەستەبوون بە کوردستانی نیشتمانی پیرەز و شیرینمان، بوارەکی گرنگ و پانتاییەکی باشی لە هەنراوەکانی زەربەی شاعیرانی بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان گرتۆتەوە.. ئەوەش چەند هەنراوەیەکی جوانتان لەم بوارەدا نووسیون.. پێویستە ئەم ئامانجە نیشتمانییە پشکی گەورەی

هەنراوەکانی هەموو شاعیران و چیرۆکانی هەموو چیرۆکنووسانی منداڵانی کوردمان پێکبهێنیت. رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

وەڵام: بەڵی ئەمەش راستە.. کاتی خۆی ئەمە منداڵ بووین، نە باخچەی منداڵان هەبوو، نە گۆڤار و کتێب، پاشان زۆربەی دایک و باوکان نەخوێندەوار بوون، لەبەر پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەیان، نە دەپەرژان وەک ئێستا بیربکەنەوە و گرنگی بە ئەدەبی منداڵان بدەن. کاتێک کە لە قەناغی سەرەتایيدا بووین، بەیانیان ڕیزیان دەکردین و هەموو بە یەک دەنگی ناسک و خۆشەوە سرودە نیشتمانییەکانی وەک: (خوایە وەتەن ئاواکەی، چەند شیرینە لام، وەتەنی من کوردستانە، شاخی ڕەنگاوەڕەنگی گەیژە) مان دەچڕی. سەرجەم وشەکانی ئەو سرودانە، تک تک سەزی گەرم و خۆشەویستی نیشتمانیان تێکەڵ بە ناخمان دەکرد، کە هەتا ئێستاش کاریگەرییان کاڵ نەبوونەتەوە.
هەربۆیە ئەرکی نووسەرانی منداڵانە، زۆر بە جوانی خۆشەویستی نیشتمان، ئاوەتەی هونەراوە و چیرۆکەکانیان بکەن و هەرگیز ئەو لایەنە گرنگە فەرامۆش نەکەن.

پرسیار: ئایا پێتان وایە، کە ئەدەبی منداڵانی کوردمان لە ئاستی خواستەکان و تەماح و حەزەکانی منداڵانی کوردمان دایە؟ ئەو هەڵە کەسپانە چین کە وای کردووون، ئەدەبی منداڵانی کوردمان، کەمێک ئاسایی هەنگاو دەنێت؟

وەڵام: بەراورد بە سەردەمی پێش ڕاپەڕین، هەنگاوی زۆر باش نراوە، ئەو بەهەزانەی لا لە ئەدەبی منداڵان دەکەنەوە، ژمارەیان هەڵکشاوە و کاری زۆر کراوە، کە بە ڕاستی ئەمەش دیاردەیەکی هێوا بەخشە. هاوکات لەناو ئەو کارانەشدا چاک و خراپیش هەیە. جا بە ئەوەی ئەدەبی منداڵانی کورد لە ئاستی خواست و حەزەکانی منداڵانی کوردمان بێت و باشتر گۆشە بکات، ئەوا پێویستە ڕەخنە ڕەسەنی کاریگەری خۆی هەبێت، بە وردی دەستبخاتە سەر خاوش و لایەنە لاوازەکانی ئەو بەرهەمانەی ئەمڕۆ.
ڕەخنەگرتن لە پاشکۆدایە و وەک پێویست نییە.. پاشان گرنگی نەدانی دەوڵەت بە منداڵان و هەستنەکردنی خەڵزان بە لایەنە چاکەکانی خوێندنەوە و دابین نەکردنی گۆڤار و کتێب بە منداڵان، هەموو نیشانەی خراپن.. نووسەری وا هەیە پاش ماندووبوونکی زۆر، لە پارەزگایەکی گەورەی وەک سلێمانیدا (٥٠٠) دانە کتێب چاپدەکات، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (دوو ملیۆن و نیو) کەس، هەر

پێنج هەزار کەس کتێبێکی بەردەکەوت، کەچی ئەو ژمارە کەمە بە چوار پێنج ساڵ، لە کتێبخانەکانی ئەو شارەدا دەمێنتەوە، کە باڵای خۆیەوە بە شاری ڕۆشنبیری ناسراوە. بەمەش نووسەرێکە وەک و تاقەت و حەوسەڵەی نووسینی نامێنێت. لە ئەنجامیشدا ئەو ئەدەبە کێسەڵە ئاسایی هەنگاو دەنێت و بە گشتی نائومێدیش لای هەموو نووسەرە دەستەزەکان دروستدەکات.

پرسیار: بە لای شاعیر محەمەد بەرزی یەوە.. ئەو پێویستی وەرج و پێوانەی چین، کە پێویستە لە هەنراوەی نەمری منداڵانی کوردماندا هەبن؟

وەڵام: بە گشتی بۆ ئەوەی هەنراوەیەک نەمر بێت، ئەوا پێویستە: بە چاکی دابەزرێت، دەڵکانی کەمترین وشە بگرنە خۆیان، واتە بە کەمترین وشە بیرکەیەک بدات بە دەستەوە، چونکە هەنراوەی درێژ منداڵ بێزار دەکات. وشەکانی سەر بە فەرهەنگی منداڵان بن، پێکەوە وێنەی شیعری جوان دروست بکەن، مۆسیقادار و ڕاست و ڕەوان بن، دەنگیان لە بەرزییەوە دابەزێت بە نەرمی. کێش و تەرپێیان تەواو بێت، سەروایان لە هەموو ڕووێکەوە هاوەدەنگ و نزیک بن لە یەک. بیرکەی هەنراوەکە چیرۆکی پێیام ئامێزبێت. بڕەو بە بەهرە و توانا و بیرتیژیان بدات، لە ئاستی بیرکردنەوەی منداڵانەدا بێت، گوزارشت لە خواستەکانیان بکات. دەیان خێش و گێش بکات. دوور بێت لە زمانی زبر و توند، تووشی سەرگێژیان نەکات. زوو لەبەربکرێت. خۆ ئەگەر وێنەی لەگەڵدا بێت، ئەوا باشتر تەکەڵە بە ناخیان دەبێت و تا درەنگ لە یادەوەریانەدا دەمێنێتەوە.

پرسیار: ئایا نەبوونی ڕێخنە لە بواری ئەدەبی منداڵانی کورد.. بە هەیکی سەرکی دواکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان نازانن؟

وەڵام: بواری ئەدەبی منداڵان زیاتر لە بوارەکانی تر، پێویستی بە وردبینی و تەتەڵ و بژاردن و لالەکردنەوەیە. چونکە منداڵان لەو تەمەنەدا، ناتوانن بە ئاسانی باش و خراپ لەیەک جیابکەنەوە. هەر بۆیە بوونی ڕێخنە بەسود و قازانج بە هەموو منداڵانی کورد دەگەیەنێتەوە. ئەدەبەکەش بڕەو پشکەوتن و بوژانەوە دەبات.
بە پێچەوانەشەوە، نەبوونی ڕێخنە کاردانەوەی خراپی لەدەکەوێتەوە و هەکارەکیشە بە شەواندن و دواکەوتنی ئەو بوارە زەر گرنگ

و هەستیارە.

پرسیار: پێشنیارتان چییە.. بۆ گۆشکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان؟

وەڵام: بۆ کورتی هەندێک لە هەڵکارەکانی پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کورد، لێم چەند خاڵەدا دەستنیشان دەکەم:
١ـ بوونی دەزگایەکی تایبەت، لژێر سەرپەرشتی شارەزای هەموو بوارەکانی ئەدەبی منداڵاندا، بۆ ڕاخستن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە و کەمەکی نووسەران. بتوانێت تەکنەلۆژیای دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ بکاربهێنێت، خاوەنی سایتێکی ئەلکترۆنی تایبەت بە خۆی بێت. تا دەنگ و بڕهەم و جموجۆڵکانی بگاتە هەموو شوێنێکی دنیا و نووسەرانی دڕاوەی وڵاتیش بتوانن بەشداری و کەمەک و هاوکاری بکەن.
٢ـ بڵاوکراوکان ڕەنگاوڕەنگ و وێنەدار بن، چونکە وێنە یەکەکە لە هەڵکارە هەرە کاریگەرییەکانی سەرنج ڕاکێشانی منداڵان و زیاتریش هانی خوێندنەوە و تێگەیشتنیان دەدات.
٣ـ باشترین بابەت چاپ بکرێت، هەڵگری پەیام بێت، چێژ و خۆشی بدات بە منداڵان، نابێ درێژ و وەرسکڕبێت، بەکو نەخت و پوخت، تا منداڵان تاقەتیان لە خوێندنەوەی نەچێت.
٤ـ هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی منداڵان لە یارییە ئەلکترۆنییەکان و سەرقاڵکردنیان بە کتێب و گۆڤارەوە.
٥ـ خەزان بگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەدەبی منداڵان سەرچاوەی زیرەکی و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی منداڵانە. ئەمڕۆ توێژەرەکان لە ئەمریکادا ئاویان سەلماندووە، ئەو کەرپەلەیەی لە سکی دایکیدا کتێبی بۆ دەخوێنرێتەوە، لەو منداڵە وریا و زیرەکتر دەردەچێت، کە کتێبی بۆ نەخوێندراوەتەوە.
٦ـ گرنگیدان بە شانۆی منداڵان، زیادکردنی بەرنامەی منداڵان لە تەلەفزیۆنەکاندا، وەرگێڕانی بابەتە ناوازە جیهانییەکان، لە لایەن دەزگای ناوبراوەوە.
٧ـ چەند پەیوەندی نێوان باخچەی منداڵان و نووسەرانی ئەدەبی منداڵان پتەو بێت،
ئەوا چاکتر ئەو ئەدەبە ڕۆشنی گرنگی خۆی دەبێت و باشتر و زیاتر بڵاودەبێتەوە.
٨ـ پەیوستە وەزارەتی ڕۆشنبیری گرنگی تەواو بدات بە ئەدەبی منداڵانی کوردمان. هەروەها زۆر پەیوستە بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژیش سانا بە چاوی ئەدەبی گەورەکان سەیری ئەدەبی

منداڵان بکات و هەڵسەنگاندن و دەستنیشانی باشترین بڕهەم و نووسەرەکەی بکات. ئامۆژگۆ و تێبینی زیاتر دەدات بە خاوەنەکەی. پاشان بە نووسینی بڕهەمی ناوازەش، جارێک کەبەکە لە نێوان نووسەراندا دروستدەکات.

پرسیار: بەڕێزتان چەند چیرۆکتان بە منداڵانی کورد لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوان بە سەر زمانی کوردیمان.. ئایا نیازتان نییە کە چەند چیرۆک و هەنراوەیەکی جوانی کوردیش وەربگێڕن بە سەر زمانی ئینگلیزی و بە منداڵانی ئینگلیزی زمان ئاشنایان بکەیت؟

وەڵام: هەتا ئێستا (١١٢) چیرۆکم کردووە بە کوردی، هەیانە چەند دەفتەرێک و هەندێکیشیان چەند لاپەڕەیەک،(٧٧) چیرۆکیان لە کتێبەکانمدا، بلاوکراونەتەوە، ئەوانەی تریان، هەندێکیان لە سایتەکاندا و هەندێکیشیان هێشتا بڵاونەکراونەتەوە. دەربارەی گۆڕینی هەنراوە و چیرۆکی منداڵانی کورد، بە سەر زمانی ئینگلیزی، هیوادارم کە لە داهاتوودا، بتوانم لەم بوارەشدا خزمەتێکی وا بکەم.

پرسیار: ئەم پێشنیارەم خستە بەردەمی چەند نووسەرێکی تری بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان.. ئایا لەگەڵ ئەوەدایت کە "یەکێتی نووسەرانی منداڵانی کورد" یا "یەکێتی نووسەرانی منداڵانی کوردستان" دابمەزرێنین تا ببێت بە چەترێکی ئەدەبی بە یەکگرتن و کۆکردنەوەی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانی کورد.. چونکە یەکێتی نووسەرانی کورد ئاوەکی ئەوتۆیان لە ئەدەبی منداڵان کوردمان نەداوەتەوە تا شایەنی باس بێت؟ ئەی ئەوتان پێ باشە، کە بە ئەم مەبەستە، کەمپینێک رابگەیەنین.. تا بزانین چەند لە نووسەرانی ئەم بوارە لەگەڵ ئەم پێشنیارە دان؟

وەڵام: بیرۆکەی دامەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی منداڵانی کورد) یا کوردستان، کارێکی پیرۆزە، بە مەرجێک دەستەیەک دەستنخاتە کاروبارەکانییەوە و کەسانی نەفام و نەکەری سەربەخۆی بە زەر نەخزێننە ناوییەوە و تووشی ئیفلیجی نەکات.
پاشان راگەیاندنی کەمپینێک کارێکی زەر چاکە، بە هیوای ئەوەی ئەنجامێکی باشی هەبێت. بەکو ئەم خوایە ئەو یەکگرتنە سەرتاییەی هەتا ئێستا بە سیاسییەکان نەکراوە، ئەدەبی منداڵانی کورد، بتوانێت ئەو ئامانجە پیرۆزە بهێنێتە دی.

پرسیار: چی نیاز و رازێکی تر لە دڵی محەمەد بەرزی دایە.. کە دەیەوێت دەربارەی ئەدەبی منداڵانی کوردمان دەری ببڕێت؟

وەڵام: هەموو خەون و خولیا و راز و نیازێکم ئاوەیە، ئاستی بیرکردنەوە و ژیانی منداڵانی نێوەکەم، بگاتە ئاستی منداڵانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا، لە سایەی نیشتمانێکی سەربەخۆی ئازاد و گەلێکی یەکگرتووی تەروپۆی بەختیاردا، بە ئاسودەیی بژین.
زۆر سوپاسیش بۆ دڵسۆزی و ماندووبوونی بەڕێزتان، کە بەردەوام هەموو ژیانتان تەرخانکردووە بۆ گرنگیدان بە بواری جوان و هەستیارەکەی ئەدەبی منداڵان و ئاو هەموو کتێب و توێژینەوە و نووسینە نایابانەی بەردەوام پێشکەشی منداڵان و کەمپەینگای کوردی دەکەن، کە بوونەتە چرایەکی گەشیش بۆ من.
سەرلەنوێ سوپاسیش بۆ ئێم بەسەرکردنەوەیە.. هەر بژین.
لە کۆتاییشدا حەزدەکەم لە پەراوێزی ئێم چاوپێکەوتنەدا، تازەترین هەنراوەم (تەرزە) پێشکەش بە منداڵە ئازیزەکان بکەم، کە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانیشمە.

تەرزە
ئەمڕۆ هەوارە بەرزە
کوتە بەر تاوە تەرزە

* * *

وەکو دڵنەکی مرواری
خەڵرا خەڵرا دەباری

* * *

بەربوونە ریزە دارە
گڵا دڵژایە خوارە

* * *

بە دڵنەکی تازە گوڕە
شەقەی دەهات پەنجەرە

* * *

تەرزەیە تیژ دابەزی
زۆر بە قایم هەڵبەزی

* * *

گەر چەترەکەم نەبوایە
ڕەنگە سەرم بشکایە

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا، زۆر سوپاسی بۆ خۆشەویستمان، شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ بەواری ئەدەبی منداڵان کاک محەمەد بەرزنجی دەکەین. کە بە کورتی و پوختی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایناوە کە دەربارەی ئەدەبی منداڵانی کوردمان لە بەرزیمان پرسی.. هیوادارم خوێنەرانی خۆشەویستیش، سوود لە ڕا و بۆچوونەکانی وەربگرن.

ڕەزا شوان
٢٦ی/ دەسامبەر/ ٢٠١٩

ئەدەبی منداڵان/ خوێنکی تری باران … نوسینی: عەلی حەمەشید بەرزنجی

(باران) ئەژانە جانتا قورسە کەی دەکردە شانی و بە دڵخۆشییەوە دەچوو بۆ قوتابخانە،هەرچەندە قوتابخانەکەشی لە ماڵەوە یانەوە نزیک بوو، بەڵام قورسی جانتاکەی زۆر ماندووی دەکرد و ئازاری پشتی دەدا.شەوێک لە ماڵەوە هەموو پەرتوکەکانی دەرهێنا.و لێگەڕا خەیدا کەوتە وتووێژ.(باشە من ئەژانە ئەم هەموو پەرتوکە دەبەم ،کەچی هەریەکەیان یەک لاپەڕەی لەدەخوێنیین، هەندێک جاریش دایکم یان باوکم لێگەڕێمدا دەن و جانتاکەم بۆ هەڵدەگرن ،ئەوە براکەی دارای هاوڕێم کە خاوەن پەداویستی تایبەتە هەموو ئەژێک دەبەت کەسێک جانتاکەی بۆ هەڵبگرێت) باران بیری لە چارەسەرێک دەکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆر ماندوو بوو خەوی لێکەوت،هەشی هەر لای چارەسەر بوو،بۆیە خوێنکی زۆر خۆشی بینی ،کەلە خۆ هەستا خوێنکەی بە ئارە و دایک و باوکی گەیاندەوە.لەخوێنمدا ئەم بیانییە کە چووم بۆ قوتابخانە جانتاکەم یەک پەتۆک و چەند تیانوسکی تێدا بوو،ئەوەندە سوک بوو نەبەتەوە !ئارە وتی شتی وا چۆن دەبێت؟! باران بە پێکەنینەوە وتی چۆن نابێت بەشی یەک مانگ خوێندنی هەر وانەیەک لە یەک پەرتوکدا کەکرابووەوە و مانگانە پەرتوکی نوێمان وەردەگرت ،ئارە وتی ئای کە خۆشە ئەو خوێنە خۆشت بێتە دی.

٢٠١٩/٩/٢٦
بیرکەی ئەم چیرۆکە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە...

کۆمەڵگای خوتوو .. هۆشیارجۆمال

زیاتر لە هەشت ساڵ پێش ئێستا، لەوڵاتی تونس، گەنجێک بەناوی (محمەد ئەلبوو عەزیزی) لەبەرامبەر دەست بەسەراگرتنی عەرەبانەکەی، کە سەرچاوەی بژێوی بوو ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا،پاش ماوەیەک مانەوە لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، بەمەش بۆیە سەرەتای هەڵگیرساندی شەرش لە چەندین وڵاتی وەک (تونس ، میسر ، لیبیا ، بەحرەین ، یەمەن ،سوریا)،کە ئەمەی دوایان تائێستاش دەخێ وڵاتەکەی ناجێگرە.
خەسوتاندنی محەمەد ئەلبووعەزیزی ،کەتایی هێنا بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری زین عابدین بن عەلی، و لەماوەیەکی کەمدا شەرشگیران بە خۆپشاندانی مەدەنی لە وڵات وەدریان نا.
گەر خە سوتاندنی ئەلبووعەزیزی، سەرەتای شەرش بێت،ئەوا بۆئاگای و هۆشیاری خەڵکی تونس بوو، لەئاست مافەکانی وای کرد درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن هەتا گەیشت بەدەرئەنجامەک.
دەرئەنجامەکانی شەرشی عەرەبی یاخود بە هاری عەرەبی، بەباش یاخود بە خراپ هەرچیەک بووبێت بەمن گرنگ نیە لە ئێستادا،بەڵام ئەوەی بەمن گرنگە، کە هەمان شێوازی خەسوتاندن وەک ناڕەزایەک لەلایەن گەنجێکی شاری هانیەوە لە چەند هەژی رابردوودا،لەبەردەم شارەوانی شارەکەیدا هەما وپەیامی گرنگە،کە وا کەسانێک هەن ناڕەزایەکیان گەیشتۆتە ئاستێک ،کە ئامادەن خۆیان بسوتێن بە هەی ئەو دەخە سەختەی کە هەیە لە هەرەمی کوردستان.
چیرۆکی خەسوتاندنی ئەم گەنجەی هەرەمی کوردستان، ئەوەیە کە داوای کردوە زەویەکەی بکات بەخانوو ، بەڵام شارەوانی شارەکە هەگرێ چونکە بڕیاری دەکەوێت ، لەگەڵ چەسپاندنی یاسادام ،بەڵام دەزگاکانی حکومەت پێش ئەوەی قورگی هاوڵاتیانی بە دەسەڵات بگرن و یاسایان وەک خۆی لەسەر جێبەجێ بکەن، بچن لە و هەزاران زەوی بکەنەوە ،کە کرا بە فەلا و باخی بەرپرسی حیزبەکانی هەرەم بە دەسەڵات و زەرینەی حیزبە بەناو چاکسازی خوازەکان، و پاش دزەکانی چواردەوری بەرپرسەکانی ئەم هەرەمە و شەوان ژیانی شاهانەی، وەک

میرەکانی وڵاتە عەرەبیەکانی تەدا دەبێنە سەر و ژیانی خۆیکە کەشیان وەک هاوڵاتیانی ئەفریقایە.
ناکرێت یاسا بکرێت بە تۆپی ماسی ، هەرچی ماسی بچووکە بیگرێ و گەورەکانیش بۆی دەرچن ،ئەژانەش لەشاشەکانی تیڤیەوە نیشتمان پەروەری و شەرشگێریمان پێ بفرۆشنەوە.

سیاسیەکانی ئەم وڵاتە، هەتا لەشاخ بەرپرس بوون لەژێر ناوی شەرش گێری دا،نەوەی ساڵانی ٧٠ و ٨٠ کانی سەدەی ڕابردوویان خەڵتاند ، دوای ڕاپەڕین کە گەیشتنە دەسەڵات هەموو هەوڵێکیان لە پێناو خۆیان و خانەوادەکانیان خستە گەڕ ،سامانی سەرتاسەری کوردستانیان دابەش کرد بەخۆیان.

پاشان هەر ئەم کەمەڵە سیاسیە، کاتێک بۆنی نەوت مەستی کردن، ژمارە بە کۆتایەکانی داهاتی نەوتیان دی، لەژێر ناوی چاکسازی و پاکسازی و حیزبی نوێ دا چەندین حیزبیان دروست کرد،و نەوەی دوای ڕاپەڕین دەخەڵەتێن، کە ئەم نەوەیە کوڕ و کچی ئەو دایک و باوکن، کە لە شاخ خەڵەتێنران لەژێر پەردەی شەرشەوە زەرترین قوربانیان دا،بەڵام کەمترین مافیان دەست کەوت!
ئەم حیزبانە، کە بەناو شەڕی دادپەروەری دەکەن، سەرە گەورەکانی سەرۆکیان هاوبەش و هاوکاری هاوڕێ کۆنەکانیان لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان و ئامانجیان تەنها پەردە پۆشکردنی شکستەکانی دەسەڵات، و کپکردنی دەنگی نارەزای خەڵکە.
ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، کەمەڵگای کوردیە کە ساڵانە سەرباری ئەوەی لەسەرجەم پسپۆریە جیاوازەکانی بازاڕی کار و سەرچاوە مرۆیەکان و زانستە جیاوازەکانە دەرچوو پەدەگێنێت، هاوشانی ئەوەی لەچنەدین زانکۆی دەرەوە و ناوەدرچووی ماستەر ودکتۆرای هەیە، کەچی کەمەڵگایەکی خوتووە ،بە دەربەستە بەرامبەر خوێن و کەرامەتی مرۆڤکی هاو دین و زمان و نەتەوەکەی، هیچ ووداوێکی ناچەڵەکێنێت و تەنانەت ئاگڕ خەسوتاندنی مرۆڤێک بێت لە پێناو مافێکی ڕەوای خۆیدا.
هەر ئەم کەسانە، کەزەربەیان گەنجن و وزەی چالاکی کەمەڵگان و لە تەڵەکەمەڵەیتیەکان وتەو قسەکانیان دەبینی، هەریەکەیان بەخۆی فیلەسوفکە ،بەڵام لە کرداریدا ناتوانن پێشەوی بچووکترن پەیامی ناڕەزایی بکەن، بەسادەترین مافی خۆیان، کە پاش چارەکە سەدەیەک لە حکومڕانی کوردی بەدەستیان نەهێناوە ،وەک ئاو کارەبا و هەڵی کار.
هەرچەند بیردەکەمەوە ناکرێت، وەک مرۆڤ بژیت و ئەو هەموو ناداد پەروەریەی هەیە، بیبینێت لەم هەرەمە ،کە هەر حیزبێک بارستەی

قبارەی خەی بەردەکەوت، و هەموو سامانی سەرزەوی و ژێر زەویان بەخەیان برد،و ئاسمانیش کە زانیان بەیان نابڕە ناچار ژینگەکەیان پیس کرد، و بۆتە هەی دڕکوتنی چەندین نەخشی لە ئەستادا، لەبەرامبەردا هەوداوەکی وەک خەسوتاندنی گەنجەک، ەات نەچەەکەنت، بە داواکردنی سادەترین مافەکانی خت و لەخەوی قوە بەخەبەر نەیەتەوە.

کوشتنی عەبدلکەریم قاسم، دەرخەری ەاستیەکی تا … ئەحمەد کامەران

عەبدلکەریم قاسم سەرك وەزیرانە تیرەکراوەکەی عەراق کە لە سای 1963 لەلایەن بەعسیچیەکان و کەنەپەرستەکانەوە تیرەرکرا.
دەربارەی عەبدلکەریم قاسم کەمەەك بەچوونی جیاواز هەیە کە دەگوترت سەرك وەزیرانەکی دیکتاتەر بووە بەام هەندە کی تر بە سەرەکەکی دادپەروەرو دیموکراسی خواز ناوی دەبەن , ئەمەش لە کاتەکدا کە بەردوام عەبدلکەریم قاسم بانگەشەی عەراقەکی کەماری و دیموکراسی دەکرد کە دووربت لەهەموو پرەنسیبەکی ەگەزپەرستی و شۆڤینیزمی,بەام بەعسی چیەکان و ەگەزپەرستەکانی عەراق ئەم بانگەشەیەی عەبدلکەریم قاسمیان بەلاوە پەسەند نەبوو بەیە لە کاتایی دا توانیان لە پسەیەکدا کاتایی بە ژیانی بهنن و عەراق بەرەو لەواری ەگەزپەرستی و دواکەوتوویی و مەزهەبی هەنگاو بنت کە هەتاوەکو ئەستاش عەراق باجی هەموو جەرە ەگەزپەرستیەك و مەزهەبچیەتیەك دەدات کە ئەمەش وای لە عەراق کردووە بیخاتە لەواری ەووبارەکی نادیارەوە.
هەروەکو دەروونزانی بەناوبانگ عەلی وەردی دەەت: گەورەترین هەە لەمەژووی عەراق بریتی بوو لە کووشتنی عەبدلکەریم قاسم…
بگومان ئەم قسەیەی عەلی وەردی بە خودی عەدبدلکەریم قاسم و مەژووی عەراق چەندین مانای گەورە بەدوای خیەوە جە هشتووە بەام خەی لە بنەەتدا دەربارەی مەژوو عەراق بە درژایی سەدەکاندا عەراق خاوەنی مەژوویەکی پ لە ئاەزی و یەکلایی کردنەوەی سەرجەم

ململانێکان بووە هەرچەندەش کە هەتاوەکو ئێستاش ئەم جۆرە ململانێیانە بە چەندین جۆری دیکەوە بەردەوامیان هەیە, لەگەڵ ئەوەشدا هەتاوەکو ئێستا تونێلی داهاتووی عێراق بەشێوەیەکی تاریکی ماوەتەوە .

لە پرسەکانی کوردا سەردەمی عەبدلکەریم قاسم دەتوانرێت بە سەردەمێکی زێڕین دابنرێت بۆ گەلی کورد کە یەکەم سەرۆك وەزیران بوو لە عێراق دانی بە مافەکانی گەلی کورد دانا لەگەڵ چەندین پاشتی دیکەی تری خۆی بۆ سەرجەم پرسەکانی گەلی کورد, چوونکە عەبدلکەریم قاسم خاوەنی فکرێکی دیموکراسی بوو بۆ بەڕێوبردنی وڵات لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لەهەموو جۆرە نەتەوە پەرستیەك پاراستبوو لە هەمان کاتیشدا باوەڕی بە عێراقی دیموکراتی و یەکگرتوو هەبوو کە هەموو گەلەکەی لە ژێر ئاڵاکەی بە شێوەیەکی ئارام بحەستەوە , نەك وەکو ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت لە عێراق کە دووژمنانی عێراق نایانەوێت گەلی عێراق بە شێوەیەکی ئارام ژیانی خۆیان بەڕێ بکەن کەچی بەردەوام لە نێو کێشەی قولدان گەلەکەی.
لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بهاتووبایە لەلایەن نەتەوە پەرستەکان و فکرەبەعسیچیەکان تیرۆر نەکرابایە ئەگەرێك هەبوو کە هەرلەو سەردەمەدا کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنتبایە بەڵام هەرچەندە لەپاش چەندین ساڵ لە کوشتنی عەبدلکەریم قاسم دا وە لە ساڵی 1991 کورد توانی نیمچە سەربەخۆییەك لە پاش چەندین قوربانی و کیمبارانەوە کە لەلایەن ڕژێمە فاشیستەکەی بەعسەوە بەرامبەر بە گەلی کوردی ئەنجام دا کە هەتاوەکو ئێستاش لەگەڵی دابێت ئاسەواری ئەو ئازارە بە جەستەی کوردەوە ماوە بەتایبەتی ئەوانەی بەرکەوتەی چەکە کیمیاویەکەی ڕژێمی بەعس بوون,
بۆگومان بەعسیچیەکان و شۆڤینیزمەکانی عێراق هەرئەوەیان دەزانی کە چاویان بەوە هەڵنەدەهات لەلایەن عەبدلکەریم قاسمەوە کورد مافەکەکانی خۆی وەربگرێت کەچی بۆ دواجار کۆتایی بە ژیانیان هێنا, ئەگەر ئێستا گوزەرێك بەنێو مێژووی ئەو کەسە دەسەڵات دارانەدا بکەین کە بە درێژایی مێژوو لە جیهان حوکمڕانیان کردوو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کە ئامانجیان خۆشگوزەرانی و یەکسانی بووە بۆ نەتەوەکەیان و تەواوی جیهان بەڵام لە پاڵیاندا کەسانی دەروون نەخۆش و شەڵانگێز ئەم جۆرە دەسەڵات دارانەیانە پێیان قبول نەبووە هەربۆیە هەموو جۆرە هەوڵێکی خۆیان خستەگەر بۆ لەناو بردنیان کە بەهەر جۆرە شێوەیەك بێت بەڵام لە دەرئەنجامدا توانیویانە شۆڕن پەنجەی خۆیان لەنێو گەلەکانی خۆیان و جیهان بکەنەوە ئەو جۆرە دەسەڵات دارە دادپەروەرانە.

ئەگەر بێت و بەراوردێکی مێژوویی بکەین کە لەنێوان دوو سەرۆك وەزیراندا کە لە دوو سەردەمی جیاوازدا کە ئەویش عەبدلکەریم قاسم و عادل عەبدلمەهدی کە ئەوەمان بێ ڕوون دەبێتەوە کە بێ جارێکی دیکە لە عێراق کەسێکی دیموکراسی خواز و دۆستێکی گەلی تری کوردیان تیرۆر کرد بەڵام بەشێوەیەکی تر نەك بە کووشتن چوونکە بارودۆخەکە وەکو بارودۆخی سەردەمی عەبدلکەریم قاسم نەخوازراو بووکە جارێکی تر سەرۆك وەزیرانێکی تری عێراق تیرۆر بکەن بەڵام توانیان بەشێوەیەکی دیکە دووری بخەنەوە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کەچی تاوەکو ئێستا داهاتووی عێراق ناڕوونەو لەگەڵ ئەوەشدا نازانرێت کە کەشتیە گەورەکەی عێراق کە ماوەی سێ مانگە بێ سەرو بەرەیە هەربێیە نازانرێت داهاتووی ئەم کەشتیەی گەلی عێراق بەرەو چ ئاراستەیەك هەنگاو دەنێت.

بەداخەوە هەرکاتێك کەسێکی دادپەروەر لە عێراق بیەوێت لەدایك بێت بێ میلەتە هەژارەکەی کەچی ڕووبەڕووی چەندین کێشەو گرفتی جۆراوجۆری دەکەن کە هەتاوەکو دەگاتە حالەتی کوشتنیشی ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە عێراق کە سانی شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرست و مەزهەبچی و کێنە بەعس و گەندەڵ و بەرژەوەندخوازبوونیان هەیە هەربێیە عێراق هیچ کاتێك ئیسراحەت بەخێیەوە نابینێت کە هەتاوەکو ئەم جۆرە کەسانە دانەماڵێن لەنێو عێراقدا.هەربێیە نەك عەبدلکەریم قاسم و عادل عەبدلمەهدی هەرکەسێك تر بێت دەست بێ کاری چاکە ببات و ئەو جۆرە کەسانە لە دەورووبەری دا بوونی هەبێت زۆر ئەستەمە بتوانێت بە ئارەزووی خێی و میلەتەکەی کار بێ وڵاتەکەی بکات…

نیشتمان … سەلام عومەر

لە مەملەکەتەکەی مندا
بەرزی و نزمی زۆری تیایە
هەم چیای هەزار بەهەزار دەبینی و
هەم بیابانی وشکوبرنگیش
هەم دەفۆری ئارام و
هەم تخوبی پڕ لە جەنگیش
★★★
لە مەملەکەتەکەی مندا

زۆیەکانی...
هەندە بۆراو
زۆرینەشیان دەمەکارن
مرۆی زۆر هەن
خۆ هەندەکیان سوروسپی
ئەوانی تریان بەکارن،
کارەکەری مەدەرن هەن
ئاغاو کۆخای نوێش دەبینی
کەیلەش هەیەو
سیمای بەتاموخوێش دەبینی.
★★★
لە مەملەکەتەکەی مندا
بۆرزی و نزمی زۆری تیایە
وەکو مەکۆو بزنەکە
هەم گوانی پڕ لە شیرەو
هەم دیوەخانیش پڕ گیایە.

بە دیار منەوە دا مەنیشە ... سەدا جوودەت

وەک پەپولەیەک بە دیار وەرزی
پڕ لە حەسرەتم، دا مەنیشە
حەزت نەچێتە سەرینەکەی شەوانم
من ژنەکی بێ چاو و رووم

من ژنەکم...
لە نیوەی شەوا حەزم دەچێتە بینینی مانگ
لە نیوەی شەوا ئاوی گوڵەکان دەدەم
بۆنی ئالۆقەرام لە خەم تەرک کردوو
بۆیانیەک لە خۆو هەلدەستم
ناوی خەمم لێبیر چووە
بیرم چووە لە کوێوە هاتووم و

لە کوێ لەنگەر دەگرم.

من ژنەکم وەک بەقەکی پیس
شەوان لە ناو قەوزەکان رادەکشم و
خەون بە بەچکە ماسی و بەچکە مراوویەوە نابینم
تاریکی لە باوەش دەگرم بە ئەوەی بیلاوێنمەوە
شەمشەمەکوێرەم و تەرکی روناکی دەکەم
پشت دەکەمە دوا تیشکی خۆری ئێواران

بە دیار منەوە دامەنیشە...
چش بکە ئینجانە شینەکانم
چش لەوە بکە کە دەستم لێی داوە
بۆنی ئالەقڕە بە ماڵەکەم پڕت و بۆاو کەوە
ببە بە هەورێکی ڕەش و پەنجەڕەی ژوورەکەم بگرە
تە چیت داوە لە ژنەکی دەم ڕووت
دەر و دراوسێ نما بە شووم ناوم نەبا
لە ئێوارێیەک دا هەناسەم لە دەبڕە و
ئەم هەموو دەم ڕووتیەم فریام ناکەوە
مانگ بەم هەموو گرینگی پێدانە روم لە وەردەگەڕە
وەک گەلایەکی ڕەنگ زەردی پایزانە
دەکەومە خوارەوە و هەستانەوەم نییە
ژنەکی دەم ڕووت چ لە زەردی پایزان تەدەگا
ژنەک بە هەموو تەمەنیەوە چاوەڕێی
هەورە پەشمەک ئاساکانی بەهاری نەکردبێ
من ژنەکی تر نەبووم هەورەکان بنمە بەر پەنجەرەکان و
بە دیاریەوە شت بنووسم و بیدەم بە ئاوا
لە هەر شوێنە ئارامی هەبە تەکی دەدەم و
دەنوکی کەتەکانی ئاسمان دەبەم و
هەڵیان دەواسم بە تەنافی حەوشەوە
هەڵانێی کوکوختیەکان دەسووتێنم و
بۆنەکێی دەدەم بە "با"
من وا ئافرێنراوم حەزم بە دەنگە دەنگی نەورەسەکان بێ

بە دیار منەوە دامەنیشە ...
گەچان بە دیار منەوە بە دەست مەگڕێ
وەک من حەزت نەچێتە دار هەنجیرە پیرەکان
لەگەڵ من دا لە ناو باخە دار مردووەکان مەگەڕێ
تەبیعەتی قەزەوانی من مەگەە

که منالەکان بە دار زەیتونەکەی بەر مالتان
جێهانەیان هەلخست دەریان مەکە
دامەنیشە...

با دەم رووتی من تەکێە بە شەونمی گوڵکانت نەبێ
من لەو کوکوختیە تەنهاترم کە بە دەست منەوە
دەنوکی براوە و وەک فاحیشەیەک لەم دەروانێ
ئەو شەوانەی مانگ لەم ناوانێ
تەدەگەم مانگ باکی بەسەر بچکە فیڵکی رەزا قورسەوە نیە
تەدەگەم نەیزەکەکانیش قسەیێ بە دەم روتی شارەکی سارد و سێ ناکا
ئەو دەمەی دەستی خەم لە ناو خوێنم بێ نادەزرێتەوە
وەک قەڵەرەشەک قارە قارم لێ هەڵدەچنێ و
وەک ئەوەی دەنوکی کوکوختیەکان دوعایان لێ کردبم
تێ مەڵێ دا دەنیشم بە دیارتەوە
با بەنی هەلوژەی گەنیو لە دەمتەوە نەیێ
بە دیار تەبیعەتی نەورەسیەوە دامەنیشێ
با شەوان لە پشت پەردەکانی پەنجەرەوە
گوێ نەگری لێ چیرەکی خوێنی دار تووک
ئەوەتا گوێی باخچەکەشم لە دەستم وەرەز و بەزار بووە و
گازندەی ئەوە دەکا ئاوی نادەم
کەچی ئەو، رەژ بە رەژ جوانتر ئەبێ
بیری بێ ئەوە ناچێ لە نیوەی شەوا
ژنەک بە دەستێ ئەسمەرەکانیەوە ئاوی ئێدا
و ئەو لێ شیرینی خەو بینینێ
جار جار پەڕەکانی ئەوەند پێ و گەورەن
لە باڵی تالە ئاوریشمەکانی تاوسەک ئەچن و
وەک مەمەکی پیر تنەک تنەک ئەکەونە خوارەوە
ئەوەتا ئەویش نایەوێ لە تەبیعەتی من تێبگا
نایەوێت بیری بێ ئەوە بچێ کە ژنەکی ئەوەندە بەگەن و
مووخەنەتیش توانای خەشویستنی گوڵی هەیە
ئەی نەورەسی جەماوم
تەش تەمەگێ و چش بکە بە دیار دانیشتنمەوە.

"سەدا جەودەت"

چەند کورتە شیعرێکی فەزای زانکۆیی ... مەولود ئیبراهیم حەسەن

بە بۆنەی ساڵی تازەوە ، ئەم چەند کورتە شیعرەی کە فەزایەکی زانکۆییان هەیە ، پێشکەش بە کچ و کوڕە زانکۆییەکانی ئەمڕۆو دوێنێ دەکەم ./براتان مەولود

تەختە ڕەش بوو
بە باخچەیەک لە گوڵ
مامۆستا
ناوی تێ خستە ڕستەوە.

کە تۆ لە کلاس بیت
کچەکان هەموویان
دەبن بە پەری
کوڕەکان.. ئیماندار
زانکۆ.. بەهەشت .

مامۆستا بەدەنگی بەرز
وانە دەڵێتەوە
من بە هێمنی
گوێم لە دوانی
بە دەنگی دێتە.

کە قاوەکت لە کافتریا خواردەوە
کوان
سڵفیان

لەگەڵ کورسی و مێزەکەدەگرت.

کە دەڕۆی
گوێ لە باڵات دەبێ
کە دەدوێی
ئاواز
کە دێتە زانکە
زستان دەکەی بە بەهار.

دونیا نە هاتبووی
ئەمڕۆ وانەکانت
کێپی دەکرد
پێویستە منیش
خەم کێپی بکەم
دەترسم
لەم ژیانە بێبەک نەگەین.

بەیانی تاقیکردنەوەمان هەیە
من
وەڵامەکەی خەم
دەدەم بە تۆ
دەم دەلەرزێ
دەڵێن
دەستت زێر قوسە.

تازە بیستوومە
نابینەکەی پەلمان
هەر ڕۆژێک
تۆ
بەیانی باشی لەگەڵ بکەی
ئەوڕۆژێ

پیویستی بە گەجانی زیرەک نیە.

جوار ساڵە لە زانکەم
شازدە ساڵە دەخوێنم
کەشاوم زانستەک فێربم
دواجار کەتوم بینی
جگە لە خەسوێستی
هە موو شتەکت لە بیربردمەوە.

ناوی قوتابیەکانی خوێندەوە
مامەستا
هە موویان ئامادەبوون
تەنیا کورسیەکەی تە
چۆل بوو
مامەستا هاواریکرد
ئەوە بۆچی کەس نەهاتووە؟

لە ئاوێنەی ژووری کچانا
سەیری خۆت کرد
لەو ڕۆژەوە
هە ر کچێک لەو ئاوێنە
سەیری خۆی بکات
بە تەنیا تە دەبیبە.

مۆبایلەکەت بزرکرد
هە ر کوڕەو مۆبایلیکی
وەک ئەوەی تۆی
بەدەستەوەیەو
دڕێ
ئەوەتە لای منە.

زنگی مبایلکت
لیدا
هه ر کوو
مبایلکی خی
خستە بۆرگوی.

لە هه ر تاقیکردنەوەیەکدا
قوتابیەکان
لە کلاس تیان لە گەڵ بت
هه موویان لەم وانەیە
نمرەی بۆرز دەهنن.

دونە تە
بە بە چەتر
لە ژێر باران
لە حەوشی کەلیژ
پیاسەت دەکرد
هه رچی چەتر بەدەست بوون
چەترەکانیا فڕدا.

لە ژێر درەختەکەی
حەوشی کەلیژ
لەگەڵ دەستە خوشکەکەتا
یەکترتان ماچ کرد
لەو ڕۆژەوە
هه رچی چەلەکە
دنە سەر ئەو درەختە
دەنوک دەنێنە دەنوکی یەکتر
دەداران
ناویان لەم درەختە ناوە
درەختی ماچ .

منداڵە خوازەکەکەی
بەردەرگای کەلیژ
کە تەی لە بەردەمی خۆیا بینی
لە بیری کرد
چ کەسێکو داوای چی دەکات.

* هەولێر -٢٥/١٢/٢٠١٩

سوپاس، نەهاتی ! ... نەوزاد بەندی

سوپاس ..

بەلایەنی کەمەوە
وات کرد
ئوتومبیلەکەم بکەم بە گوێ
دوای ئەوەی مانگ زیاترێ
بووە بە تەپڵەکەیەک قوڕ و
زبڵ

سوپاس
بەلایەنی کەمەوە
وات کرد
لە ئەرشیفی کانتەرەکەم
بە بەینباخی گوێ گوێ بگەڕێم ..
سوپای زاڵی برنجی قژم
تێک بشکێنم و
سروود بە هەڵزی
پاشکۆکردووی
ماشکەی بڕێم ..

سوپاس
بۆ لایەنی کۆمەک
وات کرد
چەند سەعاتێ
بیر لێ دەژکی جیاواز کەمەوە ..
دوو کوپ قاوەی گەرم،
تازە هەناسەی سوار و
کە خەکک بۆ لاما بێن،
ئاوێ بەمەوە ..

سوپاس
کە وات کرد ،
بیرێ
تازە بیر
لێ یەک دوو سەعات
تایبەت
بۆ ژیانی خەم بکەمەوە ..

سوپاس ،
نەهاتی !